# هونەری وەرگێڕان

نووسینی : زێبار عزیزخان مهاجر

کاروان
KARWAN
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

## پێناسی کتێب:

نــــاوی کتێـــــــب: هونەری وەرگێڕان (فن الترجمة)

ناوی نووســـــــــەر: زێیار عەزیزخان مهاجر

نەخشەسازی نــاوەوە: زێیار عەزیزخان مهاجر

نەخشەســازی بەرگ: بەرەکات قوڕتاس

بڵاوکـــــــــــــار: نووسینگەی کاروان

نــۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم، ١٤٤٢ك – ٢٠٢٢ز

تــــیــــــــراژ: ١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٨٥٩)ـــی ساڵی (٢٠٢٠)ـــی پێدراوە.

بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە



ناونیشان: دیانا – سۆران – کوردستان (شەقامی گشتی). بۆ پەیوەندی کردن:

٠٧٥٠٢٢٨٢٩٩٥ Karwancenter18@gmail.com

خوای مەزن فەرموویەتی:

﴿وَقُلْ رَبِّ زِدْنِي عِلْمًا﴾

(خوای گەورە ڕاستی فەرمووە)

[سورەتی : تاها، ئایەتی: ١١٤]

خوای پایەبەرز فەرموویەتی:

﴿يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ﴾

(خوای گەورە ڕاستی فەرمووە)

[سورەتی : موجادەلە، ئایەتی: ١١]

ئیبن ڕەشیقی قەیرەوانی دەڵێت:

(وشە جەستەیە و ماناش ڕۆحەکەیەتی، جەستە و ڕۆح چۆن بەیەکەوە بەستراون، وشە و ماناش بەهەمان شێوەن، بۆیە جەستە بەهێز و لاواز دەبێ، لەگەڵ بەهێز و لاوازبوونی ڕۆح).

[العمدة في محاسن الشعر وآدابه]

## پێشکەشە بە:

- ❖ زانستخوازان و ئەوانەی شەیدای نووسین و وەرگێڕانن.
- ❖ ئەوانەی دەیانەوێ لە ڕێی وەرگێڕانی بەرهەم و کتێب و وتارەکان لە زمانی بیانیەوە بۆ زمانی خۆماڵی کەلێنێك لە کتێبخانەی کوردی پڕ بکەنەوە و هەگبەی زانیاری خوێنەران دەوڵەمەندتر بکەن.

## سوپاس و پێزانین:

سوپاس و ستایشێکی بێ ئەندازە بۆ خوای مەزن و میهرەبان، کە هەردەم لوتفی ئەو سەرچاوەی تێگەیشتن و پێگەیشتن و بەرجەستەبوونی تواناکانم بووە، هەرچی بەرهەمی چاك و جوانە لە بەخششی خوای گەورەوە دەزانم.

- سوپاس و پێزانینێکی تایبەتم هەیە بۆ هێژایان (سەرهنگ عەبدولواحید، م مهاجر محەمەد تاهر)، کە هەردەم شەونخونیان کردووە بەدەم هەڵەچنین و پێداچوونەوەی بەرهەمەکانم بەبێ بەرامبەر، ئەو پشتیوانیەی ئەوان زیاتر منی هانداوە لەسەر درێژەدان بە کاروانی وەرگێڕان و نووسین.
- سوپاسی یەکە بە یەکەی ئەوانەش دەکەم کە یارمەتیان داوم، ئەگەر بە وشەیەکیش بووبێ.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

# پێشــەکی

وەرگێڕان هونەرە، کرداری گواستنەوەی مانا و مەبەستی دەقی بیانیە بۆ سەر دەقی خۆماڵی، ئەمەش کردارێکە مێژووییەکی زۆر کۆنی هەیە، کە پێم وابێ ئەستەمە بتوانرێ بەرواریێك بۆ سەرەتای دەستپێکی دیار بکرێت، چونکە خوای گەورە سروشتی مرۆڤی وا بەدیهێناوە هەردەم خولیای زاناخوازی هەیە. دەکرێ بڵێین وەرگێڕان وەك توانا و بەهرەیەك چرۆی کردووە لەگەڵ هەوڵ و تەقەلای مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لە دەوروبەر و شارستانیەت و ژیار و کەلەپوری ئەوانیتر.

لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان و خێراتربوونی چەرخی پێگەیشتنی مرۆڤایەتی، بەیەکگەیشتنی کۆمەڵ و گەلان لەرێی ئامرازەکانی گواستنەوە و گەیاندن ئاسانتر بوو، کرداری وەرگێڕان بەرەو قالبگرتن لە چوارچێوەی زانستێکی بایەخداردا هەنگاوی نا، ئەمەش وایکرد لە هەموو لایەکەوە و لە

تێکڕای ئاستەکانەوە گرنگی زۆری پێبدری، ڕەهەند و مەرج و جۆرەکانی زیاتر تیشکیان بخرێتەسەر.

لەگەڵ هاتنی شۆڕشی تەکنەلۆژیا و وەرچەرخانی جیهان بەرەو لادێیەکی بچوك، کرداری وەرگێڕان چڕتر بووەتەوە، وایلێهاتووە ئەوەی زۆرترین ئاشنایەتی هەبێ بە جیهانی دەوروبەر، ئەوا پێگەیشتووتر و بەهێزترە بەراورد بەوەی خۆبەدوورگر و دابڕاوە. بوونی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیای هاوچەرخ، بەتایبەت تۆڕی ئینتەرنێت و دەرکەوتنی جیهان لە شێوەی گوندێکی بچوکدا، ڕۆڵێکی گرنگ گێڕا لە بواری گەیاندنی زانیاری، تەنانەت یارمەتیدەر بوو و ئاسانکار کرد بۆ وەرگێڕ لە کاری وەرگێڕاندا، بەڵام وەرگێڕانی ئەلیکترۆنی نەیتوانیوە و سەختیشە بتوانێ جێگای وەرگێڕانی مرۆیی بگرێتەوە، چونکە مرۆڤ بەهرەدارە دەتوانێ داهێنانی تێدا بکات، بەڵام تەکنەلۆژیا ناتوانێ، چونکە خۆیشی بەرهەمی مرۆڤە.

لە سۆنگەی ئەوەی کە ویستم خزمەتێك بە کرداری وەرگێڕان بکەم، بنچینە و سیماکانی وەرگێڕانی دروست بخەمەڕوو، بە پشت بەستن بە یارمەتی خوای مەزن، کە هەردەم لوتفی ئەو سەرچاوەی توانا و وزەی منە،

و سوود بینین لەو ئەزموونەی لەم بوارەدا هەمە، هەوڵ دەدەم بە نموونە بابەتەکە ڕۆشنتر بکەمەوە.

گرنگی ئەم کردارە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە وەرگێڕان پردی بەیەکەوە بەستنەوەی گەلان و کۆمەڵانی مرۆڤە. وەرگێڕان لە کۆنەوە ڕۆڵێکی مەزنی گێڕاوە، گرنگی و بایەخی خۆی هەبووە. ئێستاش لەگەڵ پێشکەوتنی جیهان بەتایبەت لە سایەی شۆرشی تەکنەلۆژیاوە، دەبینین هێشتا وەرگێڕان وەك هونەرێکی ناوازە ماوەتەوە.

ئامانج لە نووسینی ئەم کتێبە، دیاریکردنی جۆر و مەرجەکانی وەرگێڕانی سەلامەت و دروستە، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریان هەیە، لەسەر گواستنەوەی مانا و مەبەستی دەق لە زمانێکەوە بۆ هەمان زمان یان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، و ڕۆشنایی خستنەسەر ئەو کێشە و کۆسپە سەرەکیانەی، کە وەرگێڕ لەکاتی ئەنجامدانی وەرگێڕاندا دێنە پێشی، تا بە ئاسانترین شێوە بیانناسێ و بەسەریاندا زاڵ بێ.

هیوادارم بتوانم بەم نووسینەم، خزمەتێك بە خوێنەری ئازیزم بکەم، کەلێنێك لە بواری وەرگێڕان پڕ بکەمەوە. سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانەش

دەکەم کە ئەرك و ماندووبوونیان کێشا بەدەم پێداچوونەوە و هەڵەچنینی ئەم کتێبە، خوای گەورە پاداشتیان بە چاکە بداتەوە.

**زێبار عەزیزخان مهاجر**

**سۆران**

# بەشی یەکەم

# چەمك و مێژووی وەرگێڕان

**باسی یەکەم: مانای چەمکی وەرگێڕان**

**باسی دووەم: مێژووی وەرگێڕان**

# دەروازەی یەکەم

## مانای چەمکی وەرگێڕان

### مانای چەمکی وەرگێڕان:

### لە زمانەوانیدا:

بۆ ڕۆشنکردنەوەی مانای زمانەوانی وشەی وەرگێڕان (الترجمة: Translation) دەچین لە دەرگای بەشێك لە فەرهەنگە ناودارەکانی عەرەبی و ئینگلیزی دەدەین. لەبەر ئەوەی ناچارین بۆ دەرخستنی مانای ئەم چەمکە لە ڕووی زمانەوانیەوە پەنا بۆ سەرچاوەکانی زمانەوانی ببەین، کە ئەوانیش فەرهەنگە ناودارەکانن.

ئەوەتا خاوەنی فەرهەنگی (المصباح المنير فى غريب الشرح الكبير) لەبارەی وشەی (ترجم) دەڵێت:

(("تَرْجَمَ فُلَانٌ كَلَامَهُ" قسەکەی ڕوونکردەوە و ڕۆشنایی خستەسەر، "وَتَرْجَمَ كَلَامَ غَيْرِهِ" واتە: گوزارشت لە قسەکەی دەکات بە زمانێکی جیاواز لە زمانی قسەکەر، ناوی بکەری وشەی "ترجم"ـە " تُرْجُمَان"ـــە، بە چەند شێوازێك دەخوێنرێتەوە، ڕەوانترینیان "تَرْجُمَة" واتە: پیتی "تاء" لەسەر "فەتحە" و پیتی "جیم" بۆرەدار "زەممە"ی لەسەر بێ. شێوازی دووەمی خوێندنەوەی ڕەوانی ئەم وشەیە ئەوەیە کە هەردوو پیتی " تاء و جیم" بۆرەدار "زەممە"ی لەسەربێ بەم شێوەیە "تُرْجُمَة"، کۆی ئەم وشەیە "تَرَاجِمُ"ـــە، هەر دوو پیتی " تاء و جیم" دوو پیتی ڕەسەنن لەم وشەیەدا، کێشی "تَرْجَمَ" بریتییە لە: "فَعْلَلَ"، هاوشێوەی "دَحْرَجَ"))(١).

لێرەدا ئەوە دەردەکەوێ کە وشەی وەرگێڕان لە ڕووی زمانەوانییەوە و لە زمانی عەرەبیدا بە مانای ڕوونکردنەوەی مەبەستی قسەکەر دێت، جا ئەو ڕوونکردنەوەیە بە هەمان زمان بێ، یان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بێ، وشەی وەرگێڕان (ترجمە) لە زمانی عەرەبیدا چ بە لەسەر (فەتحە: تَ) یان بۆرە (زەمە: تُ) بێ هەمان گوزارشت و مەبەست بەدەستەوە دەدات،

(١) المصباح المنير في غريب الشرح الكبير، أحمد بن محمد بن علي الفيومي ثم الحموي، المكتبة العلمية، بيروت، ١/ ٧٣.

ئەویش ڕوونکردنەوەی مەبەستی قسەی قسەکەر بۆ گوێگر و خوێنەر و بینەرە.

جەوهەری وتویەتی: (("ترجم كلامه"، واتە: قسەکەی بە زمانێکی تر ڕوونکردۆتەوە، "الترجمان" لەوەوە هاتووە، کۆی ئەم وشەیە "التراجم"ــــە، وەك: زعفران، دەوترێت: "ترجمان"، بۆت هەیە پیتی "تاء" بۆرەدار بکەیت، بەهۆی ئەوەی پیتی "جیم" بۆرەدارە، بەمەش دەتوانی بڵێی: "تُرْجُمَان"))[1].

بەهەمان شێوە جەوهەری ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە وشەی وەرگێڕان (ترجمه) بەمانای گۆڕینی وشە بە وشەیەکی تر نییە، بەڵکو گواستنەوەی مانا و مەبەست و ناوەڕۆکی وشەیە بۆ گوێگر و بیسەر و بینەر، ئەگەر بە قالب و شێوازی تریش بێ، گرنگ ئەوەیە کە مەبەست و ماناکە بەتەواوی بگوزارێتەوە بۆ بەرامبەر.

خاوەنی فەرهەنگی (الوسيط) لەم بارەوە وتویەتی:

---

(1) الصحاح تاج اللغة وصحاح العربية، أبو نصر إسماعيل بن حماد الجوهري الفارابي، تحقيق: أحمد عبد الغفور عطار، الناشر: دار العلم للملايين، بيروت، ط٤، ١٤٠٧هـــ - ١٩٨٧م، ٥/ ١٩٢٨.

("ترجم" واته: وتەکەی ڕوونکردەوە و ڕۆشنایی خستەسەر، قسەی ئەویتری ڕوونکردەوە، قسەکەی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر گواستەوە و ماناکەی خستەڕوو، (المترجم) وەرگێڕ بکەرە، کۆیەکەشی (تراجم وتراجمة)، (ترجمة فلان سيرته وحياته)، فڵان کەس ژیاننامە و کاروانی ژیانی ڕوونکردۆتەوە و باسکردووە)[1].

لەمەشدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە وەرگێڕان، بەمانای ڕوونکردەوەی مەبەستی قەسە و گواستنەوەی مانای دەق و قسە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دێت، کۆی وشەی (ترجم) بریتییە لە وەرگێڕاوەکان، نووسینی ژیاننامە و بەسەرهاتەکانی ژیان بەهەمان شێوە بەمانای وەرگێڕان دێت، چونکە مرۆڤ ناتوانێ بە وشەیەك گوزارشت لە کەسایەتی هیچ کەسێك بکات مەگەر بە خستنەڕووی تەواوی ژیاننامەی ئەو نەبێ.

ئیبن مەنزوڕ لە فەرهەنگەکەیدا وتویەتی:

---

(1) المعجم الوسيط، إبراهيم مصطفى ــ أحمد الزيات ــ حامد عبد القادر ــ محمد النجار، دار النشر: دار الدعوة، تحقيق/ مجمع اللغة العربية، ١/ ٨٣.

("ترجم: التُّرْجُمانُ والتَّرْجَمان") بريتييه له شرۆڤەکاری زمان، له فەرموودەدا هاتووه، که هیرقلْ به وەرگێڕەکەی وتوه، واته به شرۆڤەکارەکەی وتوه، "التُّرْجُمَانُ" به چ به لەسەر (فەتحه: تَ) یان بۆره (زەمه: تُ) بێ: گوزارشت دەکات له وەرگێڕانی وته و قسه، واته ئەو کەسەی مانا و مەبەستی قسه و دەق له زمانێکەوه بۆ یەکێکی تر دەگوازێتەوه)[١].

له فەرهەنگی کامبریجدا هاتووه:

(وەرگێڕان: ئەو شتەیه که وەرگێڕدراوه، یان کرداری وەرگێڕانی شتێکه له زمانێکەوه بۆ زمانێکی تر)[٢].

و له فەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزیدا، سەبارەت به وشەی وەرگێڕان (Translation) هاتووه:

---

(١) لسان العرب، محمد بن مكرم بن على، أبو الفضل، جمال الدين ابن منظور الأنصاري الرويفعى الإفريقى، الناشر: دار صادر، بيروت، ط ٣، ١٤١٤، هـ، ١٢/ ٦٦.

(٢) فەرهەنگی کامبریج، چ٣، له بڵاوکراوەکانی زانکۆی کامبریج، لا ٧٥٠.

(کرداری وەگێڕانی وشە یان دەقە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر)[1].

بەسەیرکردنی ئەم دوو پێناسەیە، بۆمان دەردەکەوێت کە مانای وشەی وەرگێڕانیان بەرتەسك کردۆتەوە لە وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، کەچی وا نییە، چونکە وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ هەمان زمانیش دەبێ، ئەوەتا دەبینین فەرهەنگی کوردی – کوردی، وەك فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە)ــــی هەژاری موکریانی.

کەواتە بەڕامان لە مانای زمانەوانی وشەی وەرگێڕان لە سۆمای ئەم فەرهەنگانەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە وەرگێڕان بریتییە لە: ڕوونکردنەوەی مانای وشە یان دەق، جا نووسراو یان بینراو یان بیستراو بێ، لە زمانێکەوە بۆ هەمان زمان یان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر.

**لە زاراوەدا:**

وەرگێڕان زانست نییە هونەرە، چونکە زانست پشت دەبەستێت بە چەند ڕاستیەکی سەلمێنراو، کە دەکرێ بە چەندین ڕێگە بپێورێ، ئەم ڕاستیە

---

(1) فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، چ٨، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی ئۆکسفۆرد، لا ١٥٨٨.

سەلمێنراوانەش لەسەر ئەزموونی زانستی یان کرداری بیرکاری وەستاوە، کە ئەگەر کەسانێکی جیاوازیش تاقیکردنەوەکە ئەنجام بدەن، ئەوا دەگەن بەهەمان ئەنجام و ڕاستییە سەلمێنراوەکە، بەڵام لە وەرگێڕاندا، ئەگەر کۆمەڵە کەسێك هەڵبستن بە وەرگێڕانی پارچە نووسینێك، ئەوا دەبینین ئەم وەرگێڕانی هەر یەکێکیان جیاوازە لەوەی تریان، جا وەرگێڕانێك نییە بە تەنها ڕاست بێ و ئەوانی تریش هەڵە بن، بەڵکو وەرگێڕانەکان دابەش دەبن بۆ وەرگێڕانی باش و مامناوەند و لاواز. بەهەمان شێوە وەرگێڕان تەنها هونەرێکی پوخت و ڕووت نییە، چونکە هونەرمەند تەنها ملکەچی خولیا و داهێنانەکانیەتی، بەڵام وەرگێڕان هونەرێکی مەرجدارە، بەوەی بۆ وەرگێڕ مەرجە پابەندی دەقی نووسەر بێ، هەموو هەوڵێکی دەبێ بۆ ڕوونکردنەوەی مانا ناڕوونەکان و دەرخستنی مەبەستی نووسەر بێ، بەجۆرێك کە بە سادەترین و ئاسانترین شێوە ماناکە بۆ خوێنەر بگوازێتەوە. وەرگێڕان لەبەر ئەوەی هونەرە، هونەریش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، بەم هۆیە پێناسەیەکی یەکگرتووی چەمکی وەرگێڕان نییە، لە دیدی یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، هەر یەکە بەپێی ڕەنگدانەوەی ئەو هونەرە لە خۆیدا پێناسەی کردووە، ئەمانەی خوارەوە چەند پێناسەیەکن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم چەمکە لە تێڕوانینی پسپۆڕانی بواری وەرگێڕان دەخەینەڕوو:

نیومارك پێی وایە:

(شارەزایی و هەوڵدانە بۆ لێکدانەوە و گواستنەوەی پەیامێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر)[1].

دەبینین ئەم پێناسەیەش کرچ و کاڵی تێدایە، بەهۆی ئەوەی ئاماژەی بەوە کردووە کە وەرگێڕان تەنها لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی ترە، بەڵکو دەکرێ لە زمانێکەوە بۆ هەمان زمانیش بێ، بۆ نموونە قورئانی پیرۆز لە زمانی عەرەبییەوە بۆ عەرەبی وەرگێڕدراوە. تەنانەت وەرگێڕان دەکرێ لە یەك زماندا بکرێ لە نێوان دوو شێوەزارەوە، بۆ نموونە لە شێوەزاری هەورامی بۆ سەر شێوەزاری سۆرانی، یان لە شێوەزاری بادینی بۆ سۆرانی، وەك: دیوانی مەولوی تاوگۆزی، کە پیرەمێردی شاعیر دیوانەکەی بە شیعر لە شێوەزاری هەورامیەوە وەریگێڕاوەتەوە سەر شیوەزاری کرمانجی خواروو (سۆرانی).

صەفا خلوصی پێی وایە:

---

(1) واتا و وەرگێڕان، لێکۆڵینەوەیەکی واتاسازییە، پەروین عوسمان موستەففا عەللاف، ٢٠٠٩، چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر، لا ١٨.

(وەرگێڕان: هونەرێکی جوانە، واتای گواستنەوەی وشە و مانا و شێوازەکانی دەگەیەنێت لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، خوێنەری دەقە وەرگێڕدراوەکە هەست بە ڕوونی دەقەکە بکات، هەروەك چۆن خوێنەری دەقە ڕەسەنەکە هەستی پێدەکات)[1].

ئەم پێناسەیە تا ڕادەیەك مەبەست گوزارشت لەم چەمکە دەکات، بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا مەرج نییە وەرگێڕان لە زمانی بیانی بۆ زمانی خۆماڵی، یان بەپێچەوانەوە بێ، دەکرێ لە زمانێکەوە بۆ هەمان زمان بێ.

د. بێل ڕۆجێر پێی وایە:

(وەرگێڕان: دەربڕینی مەبەستی دەقێکە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، بێ کەم و کورتی لە واتا و پاراستنی ئاماژە زمانەوانییەکان)[2].

---

(١) فن الترجمة بين العربية والإنجليزية، عبدالمحسن اسماعيل رمضان، مكتبة جزيرة الورد، قاهرة، لا ١٤.

(٢) الترجمة وعملياتها النظرية والتطبيق، د. روجرت ت. بيل، مكتبة العبيكان، ١٤٢٢هـ/ ٢٠٠١م، الرياض، لا ٤٢.

دەبینین ئەم پێناسەیە زیاتر جەخت لە گواستنەوەی مانا و مەبەست دەکات، کە ئەمە ئامانجە بنەڕەتیەکەیە لە هونەری وەرگێڕاندا.

بیکەر پێی وایە:

(وەرگێڕان: دەبێ هەر ئەو مەبەستە بگەیەنێ، کە لە زمانی سەرچاوە و ڕەسەنی دەقدا گەیاندوویەتی)[١].

ئەم پێناسەیە زیاتر تیشك دەخاتەسەر لایەنی گواستنەوەی مانا و مەبەستی دەقە وەرگێڕدراوەکە، کە ئەمەش ئامانجی سەرەکی هونەر و کرداری وەرگێڕانە.

عەبدولموحسین ئیسماعیل ڕەمەزان لە پێشەکی کتێبەکەیدا (فن الترجمە) پێناسەی وەرگێڕان دەکات بەوەی:

(کردارێکی هزری و زمانەوانییە، عەقڵ پێی هەڵدەستێت، پێویستی بە کۆشش و ماندووبوونێکی زۆر هەیە).

---

(١) سبيلك إلى فن الترجمة، عبدالكريم الجبوري دار و مكتبة الهلال، بيروت، ٢٠٠٥، لا ١٢.

لەم پێناسەیەدا جەخت لەوە کراوەتەوە کە وەرگێڕان پەیوەستە بە هێزی عەقڵ و هەوڵ و ماندووبوونەوە، ئەمەش ئەو وتەیەی ئێمە دووپات دەکاتەوە کە وەرگێڕان هونەرە، هونەریش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، چونکە دەکرێ ڕستەیەك شێوازی وەرگێڕانی بەپێی وەرگێڕەکان بگۆڕێت.

لە میانەی ڕامان لە مانای زمانەوانی و زاراوەیی چەمکی وەرگێڕان، بۆمان دەردەکەوێ کە زۆر لەیەکترەوە نزیکن، دەکرێ پوختەی پێناسەی ئەم چەمکە بکەین بەوەی:

وەرگێڕان بریتییە لە: هونەری گواستنەوەی مانا و مەبەستی وشە یان دەق، زارەکی یان نووسینەکی بێ، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، یان لە زمانێکەوە بۆ هەمان زمان، یاخود لە شێوەزارێك (لهجة)ـەکەوە بۆ شێوەزارێکی دیکە، بەشێوەیەك کە وەرگێڕاوەکە هەمان واتا و مەبەستی دەقە ڕەسەنەکە بەدەستەوە بدات، بەوەی ڕۆح و ناوەڕۆکی وشەکە بگوازرێتەوە نەوەك قالبی وشەکان.

## دەروازەی دووەم

## مێژووی وەرگێڕان

بێگومان نووسینەوەی مێژووی وەرگێڕان، لە نێو هەر گەلێک لە گەلانی جیهان، مانای وایە پێویستە مێژووی ویژە و بیرۆکە و هزرەکانیان بنووسرێتەوە. لەوەتەی مرۆڤ دەستی بە نووسینی مێژوو و هزر و بۆچوونەکانی کردووە، ئەوا لە دوای سەرهەڵدانی نووسین وەرگێڕان لەدایکبووە، دەکرێ بەم شێوەیەی ئێستا زۆر و بەربڵاویش نەبووبێ، جا بۆیە گەلان بە گواستنەوەی هزر و داهێنانەکانی یەکتر پێشکەوتن، هاوبەشی پێکردنی شتە چاکەکان و ئامرازەکانی خزمەت و هێز، بەمەش گۆڕانکاری جۆرییان دروست کرد، کە ڕایەڵ و بەستەرەکەی زمان و پشتێن و پاڵپشتەکەی وەرگێڕان بوو.

لێرەدا تەنها دەتوانین بەشێوەیەکی خێرا ئاماژە بە مێژووی ئەم هونەرە گرنگە بدەین، چونکە بە کتێبێکی چەند بەرگیش ناتوانرێ مافی تەواوی

بدریٚ، دیارترین هێڵه گشتییه‌کانی مێژووی وه‌رگێڕان به‌م شێوه‌یه‌ی خواره‌وه ده‌کریٚ وه‌ربگیرێن و پۆلێن بکرێن:

یه‌که‌م: مێژووی وه‌رگێڕان له چاخه کۆنه‌کاندا، ئه‌مه‌یان وا ده‌خوازیٚ شه‌نوکه‌وی مێژووی شارستانیه‌ته‌کانی مرۆڤایه‌تی بکریٚ، ده‌رباره‌ی چۆنیه‌تی سه‌رهه‌ڵدانی هونه‌ری وه‌رگێڕان، به‌تایبه‌ت له شارستانیه‌ته به‌هێزه کۆنه‌کانی وه‌ك شارستانیه‌تی گریك و یۆنانی، شارستانیه‌تی فیرعه‌ونی میسر، شارستانیه‌تی فارسی، شارستانیه‌تی چینی و ...هتد.

کار و مێژووی وه‌رگێڕان له‌لای په‌یڕه‌وانی ئاینه ئاسمانیه کۆنه‌کان، وه‌ك جوله‌که‌کان و گاوره‌کان، چونکه کرداری وه‌رگێڕانی ئینجیل له زمانی عیبریه‌وه بۆ زمانه‌کانی دیکه، خۆی له‌خۆیدا شۆڕشێك بوو له بواری بیرباوه‌ڕه چه‌قبه‌ستووه‌که‌ی نه‌صڕانیه‌کان، چونکه پێیان وابوو که ئینجیل ده‌بیٚ ته‌نها به زمانی عیبری بخوێنرێته‌وه، لێکدانه‌وه‌ی مانا و مه‌به‌ستی وشه و ده‌قه‌کانی ئینجیل ته‌نها کاری پیاوانی ئاینیه، نه‌وه‌ك خه‌ڵکی ساده که شوێنکه‌وتووی ئاینی نه‌صڕانین. وه‌رگێڕانی ئینجیلیش وه‌رچه‌رخانێك بوو له بواری وه‌رگێڕانی ده‌قه ئاینیه‌کان، له‌وه‌ی له جیاتی به‌پیرۆزگرتنی توێکڵ و ڕووکه‌شی وشه و ده‌قه‌کان، ئه‌وا مانا و مه‌به‌ست و ناوه‌ڕۆکی وشه و ده‌قه

ئاینیەکان بەپیرۆزگیران. چیتر بۆ لێکدانەوەی دەقەکانی ئینجیل، پێویست بەوە نەبوو کە پەناببریتەبەر پیاوانی ئاینی مەسیحی (قەشەکان)، بەڵکو ئەوەندە بەس بوو کە دانەیەکی وەرگێڕدراوی ئینجیلت لەبەردەست بێ بەو زمانەی کە خۆت دەیزانی، بۆ ئەوەی خۆت ماناکان لێی هەڵبهێنجی و لێی تێبگەی.

یاخود دەکرێ بەم شێوەیەی خوارەوە مێژووی وەرگێڕان دابەش بکەین:

- مێژووی وەرگێڕان لە چاخە کۆنەکاندا:

لەبەر ئەوەی ئامرازەکانی وەرگێڕان و تەنانەت دۆخ و ژیانی مرۆڤەکانیش لە چاخە کۆنەکاندا جیاواز بوو، بۆیە گرنگە ڕەچاوی ئەو قۆناغە بکرێ.

- مێژووی وەرگێڕان لە چاخەکانی ناوەڕاستدا:

چاخەکانی ناوەڕاست بەتایبەت لە ئەوروپا سروشتێکی تایبەتی هەبوو، بەتایبەت لە سەردەمی باڵادەستی کڵێسا و دژایەتی کردنی لەگەڵ زانست و زانستی ئەزموونی و تاقیکاری و ڕەتکردنەوەی شرۆڤە زانستییەکان بۆ بوون و مرۆڤ و گەردوون.

- مێژووی وەرگێڕان لە سەردەمی نوێدا:

سەردەمی نوێ قۆناغێکی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوەن بەتایبەت کە گەلان زیاتر لە یەکتر نزیکبوونەوە، هەوڵیاندا زیاتر لە زمان و کەلتوری یەکتر تێبگەن، زۆرتر تێکەڵاوی یەکتربوون و هەر گەلێك دەیویست زانیاری زیاتر دەستبخەن سەبارەت گەلانی دیکە.

- وەرگێڕان لە سەردەمی هاوچەرخدا:

سەردەمی هاوچەرخ جیاوازە لە سەردەمی نوێ، بەتایبەت کە بواری وەرگێڕان بەرەو ئاڕاستەی بوون بە زانست دەڕوات، تەنانەت لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و دروستکردنی تەکنەلۆژیای زیرەك، دەرکەوتنی بەرنامەی وەرگێڕانی ئەلیکترۆنی جیاوازی نێوان وەرگێڕانی ئەلیکترۆنی و مرۆیی. هەموو ئەمانە دەکرێ بابەتی لێکۆڵینەوەیی مێژوویی بن لە بواری وەرگێڕان لە سەردەمی هاوچەرخدا. لەبەر ئەوەی ئەوەی ئەمڕۆ من دەنووسم و وەردەگێڕم، بۆ سبەی دەبێتە مێژوو.

دووەم: مێژووی وەرگێڕان لای موسڵمانان، ئەمە بوارێکی زۆر دەوڵەمەندە، دەکرێ کاری گەورەی لەسەر بکرێ، پێویستی بە چەندین توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی تایبەتە، دەشکرێ بە چەند جۆرێك مێژووی کاری وەرگێڕان دابەش بکەین:

أ‌ وەگێڕان لە سەردەمی پێغەمبەردا (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، چونکە پەیامی پەیامبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) و ئاینی ئیسلام پەیامێکی جیهانییە و ڕەحمەتە بۆ هەموو جیهانیان، تێگەیشتنی گەلانی بیانی لە دەقەکانی ئاینی ئیسلام کە بە زمانی عەرەبی بووە، پێویستی بە وەرگێڕانی مانا و مەبەستی دەقە شەرعییەکان هەبووە، ئەگەرچی وەگێڕان لەو کاتدا بەو شێوەیەی ئێستا چوارچێوەیەکی دیاریکراوی وەرنەگرتبوو، بەڵام کرداری وەگێڕان بە زەقی هەبووە، چونکە هەروەك ئاماژەی پێدەکەین کە وەرگێڕانی ڕاڤەیی (تەفسیر)ییمان هەیە، کە جۆرێکە لە جۆرەکانی وەرگێڕان. هەروەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە:

((عَنْ عَدِيٍّ بْنِ حَاتِمٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَالَ: لَمَّا نَزَلَتْ: ﴿وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ﴾

البقرة: ١٨٧، مِنَ الْفَجْرِ، قَالَ لَهُ عَدِيُّ بْنُ حَاتِمٍ: يَا رَسُولَ اللهِ، إِنِّي أَجْعَلُ تَحْتَ وِسَادَتِي عِقَالَيْنِ: عِقَالًا أَبْيَضَ وَعِقَالًا أَسْوَدَ، أَعْرِفُ اللَّيْلَ مِنَ النَّهَارِ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: إِنَّ وِسَادَتَكَ لَعَرِيضٌ، إِنَّمَا هُوَ سَوَادُ اللَّيْلِ، وَبَيَاضُ النَّهَارِ))[١].

واته: له عه‌دی كوڕی حاته‌مه‌وه (خوا لێی ڕازیبێ) هاتووه، وتویه‌تی: كاتێك ئه‌م ئایه‌ته دابه‌زی: ﴿حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ﴾ به‌قه‌ره: ١٨٧. له به‌ره‌به‌یاندا، عه‌دی كوڕی حاته‌م (خوا لێی ڕازیبێ) وتی: ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، من دوو داو و په‌تم له ژێر بالیفه‌كه‌مدا داناون: یه‌كێكیان سپی و ئه‌وه‌ی دیكه‌یان ڕه‌شه، تا شه‌و و ڕۆژیان پێ له‌یه‌كتر جیا بكه‌مه‌وه، پێغه‌مبه‌ری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فه‌رمووی: بالیفه‌كه‌ت به‌رینه، به‌ڵكو مه‌به‌ست له (ڕه‌شایه‌تی) تاریكایی شه‌وه، مه‌به‌ست له (سپێتی) ڕووناكایی ڕۆژه.

---

(١) سه‌حیحی موسلیم، موسلیم، دار إحياء التراث العربي: بيروت. فه‌رمووده‌ی: ١٠٩٠.

((عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَالَ: لَمَّا نَزَلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ: ﴿وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ﴾ البقرة: ١٨٧، قَالَ: " فَكَانَ الرَّجُلُ إِذَا أَرَادَ الصَّوْمَ، رَبَطَ أَحَدُهُمْ فِي رِجْلَيْهِ الْخَيْطَ الْأَسْوَدَ وَالْخَيْطَ الْأَبْيَضَ، فَلَا يَزَالُ يَأْكُلُ وَيَشْرَبُ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُ رِئْيُهُمَا فَأَنْزَلَ اللهُ بَعْدَ ذَلِكَ: ﴿مِنَ الْفَجْرِ﴾ البقرة: ١٨٧. فَعَلِمُوا أَنَّمَا يَعْنِي بِذَلِكَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ))[١].

واته: له سه‌هلی كوڕی سه‌عده‌وه (خوا لێی ڕازیبێ) هاتووه، وتویه‌تی: ئه‌م ئایه‌ته دابه‌زی: ﴿وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ﴾ به‌قه‌ره: ١٨٧. پیاوی وا هه‌بوو ده‌یویست به‌ڕۆژوو بێ، داوه‌به‌ن و په‌تیكی ڕه‌ش و په‌تیكی سپی به قاچیه‌وه ده‌به‌ستیه‌وه، خواردن و خواردنه‌وه‌ی ده‌خوارد، تا بۆی ده‌رده‌كه‌وت (كامیان ڕه‌شه و كامیان سپییه، به‌مه‌ش شه‌و

(١) پوخته‌ی سه‌حیحی موسلیم، عه‌بدولقه‌وی مونزری، وه‌رگێڕانی: لێژنه‌یه‌ك، به‌رگی ١، ٢٠٠٧، چ٢، كتێبخانه‌ی ڕۆنبیر: سلێمانی. فه‌رمووده‌ی: ٥٧٦.

و ڕۆژ لە یەکتر جیا بکاتەوە( )). دواتر خوای گەورە ﴿مِنَ الفَجْرِ﴾ بەقەڕە: ١٨٧. دابەزاند، ئەو کات زانیان (کە مەبەست لە پەتی ڕەش و سپی، تاریکایی و ڕووناکایی) شەو و ڕۆژە.

دەتوانین بڵێین، ئەم لێکدانەوە و ڕاڤەیەی پێغەمبەری سەروەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) کە لەم دوو فەرموودەیەدا هاتوون، ئاماژە و بەڵگەیە کە وەرگێڕانی ڕاڤەیی هەبووە، ئەمەشە وایکردووە کە ناوەڕۆك و مەبەستی دەقەکان وەربگیرێن نەوەك تویکڵ و ڕووکەشی وشە و دەقەکان. گومان لەوەشدا نییە کە گرنگ مەبەست و مانایە نەوەك شێوە و تویکڵی وشە.

بـB وەرگێڕان لە سەردەمی جێنشینە سەرڕاستەکان (خەلیفە ڕاشدینەکان)، دەکرێ ئەمەش تاوتوێ بکرێ بەتایبەت دوای فتوحات (ڕزگاریخوازی) ئیسلامی و لەخۆگرتنی خاك و نەتەوە و گەلانی تازە ئازاد کراو، کە هەر یەکێکیان خاوەن کەلتور و زمانێکی جیاواز بوون.

---

() ئەوەی ناو دوو کەوانەکە خۆم زیادم کردووە، بۆ بەرچاوڕۆشنی زیاتر بۆ خوێنەر. (وەرگێڕ).

تB وەرگێڕان لە سەردەمی ئەمەوییەکان، بەتایبەت دوای ئەوەی دەستکرا بە نووسینەوەی زانستەکان لە دوو توێی کتێبەکان، دانانی بنەما و ڕێسای تایبەت بە بوارەکانی زانست.

پB وەرگێڕان لە سەردەمی عەبباسییەکان، کە سەردەمێکی زۆر دەوڵەمەند بوو، بەتایبەت لە چاخی زێڕین کە بەغدادی پایتەختی دەوڵەتی عەبباسی بە پایتەختی زانست و زانیاری ناسرا و لە هەموو جیهانەوە زانستخوازان ڕوویان تێکرد، بەشێوەیەکی بەرفراوان دەستکرا بە وەرگێڕانی بەرهەمە زانستی و فەلسەفییەکانی گەلان، بەتایبەت فەلسەفەی یۆنانی.

جB وەرگێڕان لە سەردەمی عوسمانییەکان، کە ماوەیەکی زۆر دوور و درێژ حوکمڕانی جیهانی ئیسلامیان دەکرد، تەنانەت سایەی حوکمڕانیان بەشێکی زۆری ئەوروپاشی گرتەوە، بۆیە تێکەڵاوی و بەریەککەوتنێکی زۆر لە نێوان گەلانی موسڵمان و گەلانی بیانی دروست بوو، بەمەش دەکرێ بوترێ قوناغێکی تایبەت بوو لە بواری نووسین و وەرگێڕان.

حB وەرگێڕان لەسەردەمی صەفەوییەکاندا، بەتایبەت کە زۆرێك لەوانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی صەفەوییەکاندا بوون زمانی زگماکیان

فارسی بوو. کەواتە قۆناغێکە دەکرێ توێژینەوەی تایبەتی بۆ بکرێ.

- وەرگێڕان لە دوای نەمانی خەلافەتی عوسمانی لەنێو گەلانی موسڵمان، کە جیهان چووە قۆناغێکی تازەوە و قەوارەیەکی یەکگرتوو نەما کە نوێنەرایەتی موسڵمانان بکات، جیهانگیریش باڵی کێشا بەسەر کێشە و پرس و بابەت و بوارەکانی زانستدا، بابەتەکان لە بازنەیەکی ناوخۆیی و هەرێمیەوە، بوونە جیهانی و سەرتاسەری، کەواتە وەرگێڕان ڕەهەندێکی جیهانی وەرگرت.
- وەرگێڕان لە نێو گەلانی موسڵماندا لە سەردەمی هاوچەرخدا، چونکە زانیارییەکان بە خێراییەکی زۆر زوو دەگوازرێنەوە و تۆڕەکانی ئینتەرنێت و دەزگاکانی گواستنەوە و پەیوەندیکردن کاریگەری زۆریان کردۆتە سەر پێشکەوتنی کاری وەرگێڕان، گەلانی موسڵمانیش بەدەرنین لە بەرکەوتنی ئەم کاریگەرییە.

دووەم: مێژووی وەرگێڕان لای گەلانی موسڵمان (کە بەهەموویان ئوممەتی ئیسلام پێکدەهێنن):

B́ وەگێڕان لای عەرەبە موسڵمانەکان، بەوپێیەی عەرەبەکان بەشێکی گەورەی موسڵمانان پێکدەهێنن، زمانی عەرەبی زمانی قورئانی پیرۆزە، ئەوە کاری مەزن لە بواری وەرگێڕاندا لە نێو گەلی عەرەبیدا کراوە، چەندین فەرهەنگی مەزن لە بواری وەرگێڕان لە زمانی عەرەبییەوە بۆ هەمان زمان دانراون، بە نموونە فەرهەنگی (لسبان العراب) دانراوی (ئیبن مەنزوور) و چەندین بەرهەمی دیکەش.

بـB مێژووی وەرگێڕان لای گەلی کورد، چونکە کورد زمان و کەلتورێکی و ژینگەیەکی جیاوازی هەبووە. کاری گەورە لە بواری وەرگێڕاندا لە نێو گەورە زانایانی کوردا کراوە، بۆ نموونە زانای بلیمەت و شەرعناس مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕس (ڕەحمەتی خوای لێبێ) ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە بواری وەرگێڕانی دەقەکانی ئاینی ئیسلام بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی، لەوانە (تەفسیری نامی) بە زمانی کوردی داناوە، کە تیایدا هەموو قورئانی پیرۆزی بە زمانی کوردی ڕاڤە کردووە، هەروەها (خولاصەی تەفسیری نامی) کە بەهەمان شێوە پوختەی تەفسیری قورئانی پیرۆز لەخۆدەگرێ.

هەروەها زانای پایەبەرز شێخ موحەممەدی خاڵ (ڕحمەتی خوای لێبێ) کە خاوەنی چەندین بەرهەمە، لە نێویاندا (تەفسیری خاڵ) کە بۆ قورئانی پیرۆزی کردووە، ناوبراو بەشێوەیەکی جیاواز لەوانەی پێش خۆی تەفسیرەکەی کردووە، بەوەی سەرەتای پوختەی تەفسیری ئایەتەکەی داناوە، دواتر درێژەی داوەتەوە و بە وردی لێکدانەوەی بۆ کردووە.

یەکێکی تر لەو بلیمەت و زانا پایەدارانە، بریتییە لە مامۆستا مەلا محەممەدی جەلیزادە، کە خاوەنی چەندین بەرهەمە بە زمانی کوردی و عەرەبی، قورئانی پیرۆزی لە زمانی عەرەبییەوە تەفسیر کردووە بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی لە ژێر ناونیشانی (تەفسیری کوردی لە کەلامی خواوەندی).

ئەمانە و چەندین زانای دیکەی کورد کە خزمەتیان بە بواری وەرگێڕان کردووە و کتێبخانەی کوردیان دەوڵەمەند کردووە، بوار نییە لێرەدا ناوی هەموویان بخەمەڕوو.

B- مێژووی وەرگێڕان لای گەلانی دیکەی موسڵمان، وەك: فارس، تورك...هتد.

هەموو ئەم سەرە بابەت و هێڵە گشتییانەم بۆیە خستەڕوو، کە مێژووی وەرگێڕان پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تایبەت هەیە، ئەوەی من لێرەدا باسی دەکەم تەنها خستنەڕووی چەند وێستگەیەکی مێژووی وەرگێڕانە بەشێوەیەکی خێرا، بۆ ئەوەی خوێنەر بەرچاوڕۆشنیەکی لەم بارەوە هەبێت.

بەشێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە وەرگێڕان لە چاخە کۆنەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی "نووح" (سڵاوی خوای لێبێ)، ئەمەش بە گوێرەی ئەوەی: (لە ئینجیلی "تەکوین"دا هاتووە، نەوەکانی نووح کە بە یەك زمان دەدوان، ویستیان تاوەری بابل بنیات بنێن، بۆ سەرکەوتن بە ئاسمان، بۆیە خوا ئەوانی سزادا بە پەرتکردنی ڕیزەکانیان و جیاوازکردنی زمانەکانیان، بەم سزادانە ناچاربوون وەرگێڕان داهێنن، بەتایبەت وەرگێڕانی زارەکی بەمەبەستی پەیوەندی بەستن. بەڕاستی بەرهەمە وەرگێڕاوە ناودارەکان لە مێژوودا، کە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ناوبانگیان دەرکردووە، لە ماوەی هەزارەی سێیەمی پێش زایین، وەرگێڕانی داستانی گلگامێشی سوریانی بووە، کە لەبارەی نەمری و گەڕان بەدوای ژیانی هەمیشەیی دەدوێت. دواتر لە دۆڵی ڕافیدین شا حەمورابی لە ١٧٠٠ پ.ز، فەرمانی کردووە بە نەقشاندنی یاساکەی، ئەم یاسایە کە بە زمانی

ئەکادی بوو و وەرگێڕدرابووە سەر زمانی هوری، کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر تێکڕای خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا)(١).

دواتر میسڕ لە دوای شارستانیەتی سۆمەری بووە لانکەی شارستانییەت و نووسەران، ڕێز و پایەیەکی مەزنیان لای پاشاکان هەبوو، نووسەر و وەرگێڕە میسڕییەکان کاری وەرگێڕانیان بۆ چەندین زمان کردووە، تەنانەت قوتابخانەیەکیش بۆ کاری وەرگێڕان کرایەوە.

بێگومان شیکردنەوە و وەرگێڕانی هێماکانی زمانی هیرۆغلۆفی، ئاماژەیەکی ڕوونن بۆ مێژووی کۆن و لەمێژینەی هونەری وەرگێڕان و گەشەکردنی ئەم هونەر و کردارە بەشێوەیەکی بەرچاو لەگەڵ زیاتر پێگەیشتنی شارستانیەتی مرۆڤایەتی.

ئەوەتا یۆنان، قوتابیەکانیان ڕەوانەی میسڕی کۆن دەکرد بۆ گواستنەوەی زانست و زانیاری. بەڵام لەبەر ئەوەی یۆنانیەکان پێیان وابوو ئەوان خاوەنی بەرزترین شارستانیەتن، لە نێو شارستانیەتەکانی مرۆڤایەتیدا،

---

(١) موسوعة الترجمة، جوئيل رضوان، محمد يحياتن، جامعة مولود معمري، تيزي وزو، ٢٠١٠، لا ٨.

ئەوا کەمترین بەرهەمیان وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانی خۆیان. دواتر ڕۆمانیەکان هاتن شتیان لە یۆنانەکانەوە وەرگرت، (تەنانەت ڕۆمانیە بەراییەکانیش هەستیان بەپێویستی وەرگێڕان نەکرد، چونکە بۆچوونیان وابوو زمانی نایاب و ناوازە، کە زمانی یۆنانیە زمانی ئەوانە و هەرچی خەڵکی فێرخوازی پێگەیشتووە ئەم زمانە دەزانێ و ئەم زمانە لە تێکڕای دەریای ناوەڕاستدا بەربڵاوە. بەڵام دوای ئەوەی ڕۆما بەسەر یۆناندا سەرکەوت، ئەوا زمانی لاتینی وەك زمانی جیهانی خۆی سەپاند، لە سەدەی یەکەمی پێش زایین شیشرۆن شوێنەوارە یۆنانیەکانی بڵاوکردەوە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە)، (موسوعة الترجمة: ٨).

ئینجا موسڵمانان شتیان لە کەلەپوری لاتینی و یۆنانیەوە وەرگرت. بەتایبەت لەگەڵ کردە ڕزگاریخوازی (فتوحاتی) ئیسلامی و ئاشنابوونی بە شارستانیەت و زمان و کەلتور و دونیابینیەکانی تر، تێکەڵبوونی موسڵمانان لەگەڵ گەلان و کارلێکی زانستی و ژیاری لەم نێوەندەدا، ئەمەش وایکرد پێویستی بە وەرگێڕانی دوو لایەنە هەبێ، چ لە زمانی عەرەبیەوە کە زمانی فەرمی موسڵمانان بوو، بەهۆی ئەوەی زمانی قورئانی پیرۆز بوو، بۆ سەر زمانەکانی تر، چ بەپێچەوانەوە، بە ئامانجی ئاشناکردنی خەڵك و کۆمەڵانی

گەلان بە پەیام و دونیابینی ئیسلام، و سوودبینینی موسڵمانان لە ئەزموون و تێڕوانینی بیانی، بەتایبەت لە بوارەکانی زانستە ئەزموونی و کرداری و کارگێڕییەکان. ئەمە لە سەردەمی ئاڵتونی (العصر الذهبي) زۆر بە ڕوونی درەوشایەوە، لە وەرگێڕانی کتێبە بیانیەکان، بەتایبەت بەرهەم و کتێبە یۆنانیەکان، کە لەلایەن قوتابخانەی بەغدادەوە لەسەردەمی ناوبراو پارێزگاریان لێکرا بە وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانی عەرەبی، کە بەرهەمی گەورە زانا یۆنانیەکان بوو، لە زانستی بیرکاری و پزیشکیدا (بەرهەمەکانی: جالینوس)، لە گەردوونناسیدا (بەرهەمەکانی: بەتلیموس)، لە کیمیادا (قوتابخانەی ئەسکەندەریە) یان لە زانستی فیزیا و بەتایبەت لە فەلسەفەدا (بەرهەمەکانی: ئەفلۆتین، ئەفلاتۆن و ئەڕستۆ).

لە ئەنجامی وەرگێڕانەوە، بەرهەمە یۆنانیەکان کاریگەریان لەسەر بەرهەم و بیرۆکەکانی ئیبن سینا و فاڕابی دانا، دواتر وەرگێڕانی بەرهەمی ئەم دوو کەڵە زانایە لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی لاتینی، کاریگەری مەزنیان دروستکرد لە ئەوروپا لە چاخەکانی ناوەڕاست، (زانکۆکانی ئەوروپا ئەو

بیرۆکانەیان دەخوێند، کە ئیبن سینا داینابوو لە بواری یاسای پزیشکیدا لە سەرەتای سەدەی حەڤدەمدا)[١].

دوای ئەمە نووسەر و وەرگێڕە ئەوڕوپییەکان دەستیان کرد بە وەرگرتن لە کەلەپوری جیهانی ئیسلامیەوە، جا بەم شێوەیە زۆرێك لە کتێبەکانی ئیبن سینا و ئیبن ڕوشد و فەخرەدین ڕازی و پێشەوا غەزالی و چەندین زانای تر بۆ زمانە ئەوڕوپییەکان وەرگێڕدران. هەموو ئەم گواستنەوە جۆرییانە لە ڕێگەی کەناڵی وەرگێڕانەوە بووە، چونکە تاکە ئامرازە بۆ ئاشنابوون بە جیهانی بیانی و بەرجەستەکردنی ڕۆح و مەبەستەکەی لە دوو توێی گیانێکی خۆماڵیدا.

لەبەر ئەوەی کورد وەك نەتەوە خاکەکەی زۆربەی کات داگیرکراوبووە و خاوەن قەوارەی سەربەخۆ نەبووە، بۆیە زمانی کوردی تا ئێستاش نەبووەتە خاوەنی زمانێکی یەکگرتوو و قاڵبی فەرمی بۆ زمانی کوردی یەکلا نەکراوەتەوە، لە ئاستی ناوخۆییشدا هەرچەندە زانکۆ کوردییەکان ڕوو لە زیادبوونن، و خاوەن بڕوانامەکان ژمارەیان لە

---

(١) موسوعة الترجمة، لا ١٢.

هەڵکشانە، کەچی نەیانتوانیوە کار بکەن بۆ داڕشتنی قالبێکی یەکگرتوو بۆ زمانی کوردی.

خۆشبەختانە لەگەڵ بەردەوامی ژیانی سیاسی و شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد لە کوردستانی مەزن، و بەتایبەت لە باشوری کوردستان، زمانی کوردی چووە نێو گۆڕەپانی کارلێك لەگەڵ زمانەکانی تر، کە سەختە بتوانین سەرەتای دەستپێکی هونەری وەرگێڕان لە زمانی بیانی بۆ کوردی و بەپێچەوانەوە دەستنیشان بکەین، بەڵام ئێستا دەبینین کتێبخانەی کوردی زۆر دەوڵەمەندە بە بەرهەمی وەرگێڕدراو، بە خامەی ڕەنگی وەرگێڕە مەزنەکانی کورد، وەك: مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس (ڕەحمەتی خوای لێبێ)، کە چەندین بەرهەمی هەیە، لە نێویاندا، کتێبی "دوو ڕشتە" کە بە شیعر وشە عەرەبیەکانی کردۆتە کوردی، و مامۆستا هەژار، کە بە شیعر "چوارینەکانی خەیام"ـــی کردۆتە کوردی.

دەبینین بەرهەمی نووسەرە کوردەکانیش وەرگێڕدراون بۆ سەر چەندین زمانی بیانی، بۆ نموونە شاکاری ئەحمەدی خانی (مەم و زین) لەلایەن د. محەمەد سەعید ڕەمەزان بوتیەوە کراوەتە عەرەبی. زۆرێکی تریش لە

بەرهەمە کوردییەکان کە من ناتوانم لێرەدا ناوی هەموویان بهێنم، لەبەر کەمی ماوە و بچوکی قەبارەی ئەم کتێبە.

ئەمە کورتە و پوختەیەك بوو لەبارەی مێژووی کار و هونەری وەرگێڕان، بەشێوەیەکی گشتی.

# بەشی دووەم

# گرنگترین کۆسپەکانی بەردەم وەرگێڕان

**یەکەم: جیاوازی ئاستی زمانەکان**

**دووەم: جیاوازی کەلتورەکان**

**سێیەم: کەمی مەشق و ڕاهێنان لەلایەن وەرگێڕەوە**

**چوارەم: سنوورداری توانای وەرگێڕ لە گەیشتن بە مانای ڕوون و ڕەوانی دەق و گەیاندنی بە خوێنەر**

**پێنجەم: جیاوازی لە شێوازی گەیاندنی پەیامی دەق**

**شەشەم: بوونی هاوواتا (مرادفات)ـی زۆر لە هەندێ زماندا**

حەوتەم: هەژاری زمانی کوردی بەراورد بە هەندێک لە زمانەکان

هەشتەم: شارەزانەبوونی وەرگێڕ لەو بوارەی وەرگێڕانی تێدا دەکات

سەبارەت هەوڵ دەدەین بەگوێرەی توانا باس لەو کۆسپ و لەمپەرە سەرەکیانە بکەین، کە ڕووبەڕووی وەرگێر دەبنەوە لەکاتی وەرگێڕاندا، بەتایبەت وەرگێڕان لە زمانی بیانیەوە بۆ زمانی کوردی، لەبەر ئەوەی زمانی کوردی کەمتر لە زمانەکانی تر خزمەتی کراوە، ئەگەرنا بە بڕوای من هیچ زمانێك لەوەی تر بەهێزتر نییە، بەڵکو ئەمە پەیوەستە بەو خزمەتەی بە زمانەکە دەکرێ، ئەوەتا دەبینین لە سایەی ئاینی ئیسلام و لەبەر ئەوەی زمانی قورئانی پیرۆز بووە، ئەوا زمانی عەرەبی بەدرێژایی هەزار و سێ سەد ساڵ، زمانی فەرمی خەلافەت و دەوڵەتە ئیسلامییە یەك لە دوای یەکەکان بووە، تەنانەت ئێستاش زمانی فەرمی بیست و دوو دەوڵەتی عەرەبییە، ئەمەش وایکردووە کایەکانی ئەم زمانە زۆر دەوڵەمەند بن، بەسوود بینین لەوەی زمانی فەرمی قورئانی پیرۆز بووە، هەزاران زانا و شەڕعناس خزمەتیان کردووە بەمەبەستی خزمەتکردن بە قورئانی پیرۆز، لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی سیاسیش بایەخی پێداوە.

کاتێك سەیری دونیای هاوچەرخ دەکەین، دەبینین زمانی ئینگلیزی بووەتە زمانی پلەیەك و زمانی تەکنەلۆژیا و زمانی فەرمی تا ڕاددەیەك لە

هەموو جیهان، ئەمەش بە سودبینین لە پێگە و زاڵبوونی کۆنی شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا بەسەر زۆرێك لە وڵاتان، ئێستا هەژموونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە خزمەتی زمان و کەلتوری ئینگلیزدایە. هەموو ئەوەی باسمانکرد بۆ ئەوە بووە کە بزانری ئەوەی ئێستا زمانی کوردی پێیگەیشتووە لە ئەنجامی بڕینی چەندین قۆناغ و لەمپەڕی سەخت بووە، بەوەی هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی لە شێوەی دەوڵەتدا ئەم زمانەی نەکردۆتە زمانی فەرمی، تا هونەری وەرگێڕان بە تەواوی ڕۆڵ ببینێ لە خزمەتکردن بە کورد زمانان.

لێکۆڵینەوەکان لەبارەی کۆسپ و کێشەکانی بەردەم وەرگێڕان لە دوای سەدەی نۆزدەمەوە دەستیان پێکرد، نەبوونی هاوتایی تەواو لە نێوان تێکڕای زمانەکان لەسەر هەموو ئاستەکان، وایکردووە زۆر جار کاری وەرگێڕان سەخت بێ، تەنانەت لە هەندێك بارودۆخدا ئەستەم بێ، لێرەدا هەوڵ دەدەین دیارترین کۆسپ و لەمپەرەکانی بەردەم وەرگێڕان لە زمانی بیانیەوە بۆ زمانی کوردی بخەینەڕوو:

## یەکەم: جیاوازی ئاستی زمانەکان:

یەکێك لەو کۆسپ و لەمپەرە هەر زەق و دیارانەی وەرگێڕ یان هونەری وەرگێڕان دووچاری دەبێ، بریتییە لە جیاوازی ئاستی زمانەکان (زمانی لێوەرگێڕدراو، زمانی بۆوەرگێڕدراو)، هەروەك وتمان لە بنەڕەتدا زمانەکان شتێکی داتاشراوی مرۆڤن، بەوەی خوای گەورە توانای ئەوەی بە مرۆڤ داوە هێماکانی لەیەکگەیشتن دابنێن و ناو بۆ شتەکان دیاری بکەن، هەروەك خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا﴾ بەقەرە: ٣١. واتە: خوای گەورە ئادەمی فێر ناوی هەموو شتێك کرد.

بۆیە بەشێك لە زانایان بۆچوونیان وایە، کە لە پاڵ ئەو زانستەی خوای گەورە فێری ئادەمی کردووە، توانای ئەوەشی پێداوە زمانی نوێ لێدابتاشێ، بە بەڵگەی ئەوەی زمانەکان بەردەوامن لە دەوڵەمەندبوون، ئەوەتا لە زمانی ئینگلیزدا لە سایەی هەژموونی زانستیەوە ڕۆژانە دەیان چەمکی نوێی لێوە بەرهەم دێت.

کاتێك بەراوردێکی خێرا دەکەین لە نێوان دوو زمان، وەك زمانەکانی عەرەبی و کوردی، دەبینین دەمێکە زمانی کوردی لە کەژاوەی کاروانی پێشکەوتن و شارستانیەتەکان بەجێماوە، چونکە زمانی کوردی کەمترین خزمەتی کراوە بەراورد بە زمانەکانی تر و لەنێویاندا زمانی عەرەبی، دەبینین زمانی عەرەبی لەسایەی قورئانی پیرۆزەوە زۆرترین خزمەتی پێکراوە و تێکڕای یاساکانی ڕێزمان و گەڕدانی وشەی ئەو زمانە یەکلاکراوەتەوە، بەڵام لە زمانی کوردیدا ئەم هەنگاوە هێشتا ساوایە و پێی نەناوەتە قالبی گەشەکردن و شاندان لە شانی زمانە بیانیەکان.

بۆ نموونە کاتێك سەیری سەرچاوەکانی زمانی عەرەبی دەکەین، دەبینین وشەی: (العین) لە زمانی عەرەبیدا بە چەندین مانا دێت، بۆ نموونە: (چاو، کانیاو، بیر، جاسوس و خود).

کەچی لە زمانی کوردیدا شتی وا نییە، وشەی (چاو) تەنها بۆ ئەو ئەندامەی جەستە بەکاردێت کە بە ئەرکی بینین هەڵدەستێت. جا لەکاتی وەرگێڕانی وشەیەکی لەم جۆرەدا دەبێت ڕەچاوی ناوکۆ (سیاق: Context)ـــی دەقەکە بکرێ بۆ دیاریکردنی مانا و مەبەستی وشەکان لە چوارچێوەی ڕستەکەدا.

کێشه لەوەدا نییه له زمانێکی هەژارەوە وەربگێڕی بۆ سەر زمانێکی دەوڵەمەند، بەڵکو کێشه لەوەدایه له زمانێکی دەوڵەمەندەوە وەربگێڕی بۆ زمانێکی هەژار، چونکه زۆر جار هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر پێویسته بۆ گەیاندنی مانا و مەبەستی دەق، بۆ نموونه:

خوای گەورە و میهرەبان دەفەرموویێت: ﴿..لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ..﴾ شورا: ١١، لێرەدا پیتی "کاف" له وشەی (كَمِثْلِهِ) ئامرازی ویکچوون (التشبيه) نییه، بەڵکو ئامرازی جەختکردنەوەیه (التوکید)ـه، کەواته که وەرگێڕ دێت مانا و مەبەستی ئەم ئایەته وەردەگێڕێت دەبێ له قالبی بەراوردی ئاستی زمانی کوردی و عەرەبی دەربچێ، چونکه بەراورد ناکرێن و دەبێ بەم جۆره واتەکەی لێکبداتەوە: (..بەڕاستی خوای گەورە وێنەی نییه..)، بۆ ئەوەی خوێنەری کورد پێویستی بەوە نەبێ بۆ تێگەیشتن و دڵنیابوونەوە بگەڕێتەوە بۆ دەقی (لێوەرگێڕدراو).

## دووەم: جیاوازی کەلتورەکان:

جیاوازی کەلتور زۆر جار کۆسپ لەبەردەم کارئاسانی لە کرداری وەرگێڕاندا دروست دەکات، بۆیە بەشێك لە زمانناسان پێیان وایە دەبێ بۆ تێگەیشتن لە دەق وەرگێڕ هەندێك جار بۆ کەلتوری زمان بگەڕێتەوە، نەك تەنها بۆ ڕێزمان، چونکە کەلتوری زمان زۆر دەوڵەمەندە.

کەلەپوری زمان گەنجینەیەکی هونەری، دیوانێکی ڕۆشنبیری و کەلتوری هەر گەلێکە لە گەلانی جیهان، کە مێژوو و شارستانیەت و وێژە و ڕەوشت و سیما و خەسڵەت و هزر و بیروباوەڕ و خولیا و ئایندەسازیەکەی لەخۆدەگرێ. کەلەپوری زمان بریتییە لە کۆی ئەو کەڵەکەبووە ڕۆشبیریە مەزن و پەرش و بڵاوەی نێو مێژووی هەر گەل و نەتەوە و ئوممەتێك.

کاتێك دەڕوانینە کەلتوری کوردی و کەلەپوری کەڵەکەبوومان، بۆمان دەردەکەوێ کە خاوەن کەلەپورێکی زۆر دەوڵەمەندین، کەلتورێکی زیندووشمان هەیە، کە هیچی کەمتر نییە لە کەلتور و کەلەپوری گەلان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی لەکایەکانیدا هەیە، لەگەڵ کەلەپوری زمانەکانی تر،

لە نێویاندا عەرەبی و ئینگلیزی. ئەمەش هەندێك جار دەبێتە كۆسپ بۆ كرداری وەرگێڕان چ لە زمانی بیانیەوە بۆ زمانی كوردی، یاخود بەپێچەوانەوە.

ئەگەر سەیری زمانی عەرەبی بكەین، دەبینین جیاوازیەكی زۆر هەیە لە نێوان كەلتوری عەرەبی و كوردیدا، دوای هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام گۆڕانكاری مەزن لە كەلتوور و زمان و فەرهەنگی عەرەبیدا دروست بوو، بۆ نموونە خوای گەورە دەفەرموویێت:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَقُولُوا رَاعِنَا وَقُولُوا انْظُرْنَا..﴾ بەقەرە: ١٠٤. ئەگەر لە ڕوانگەی كوردیەوە سەیری وشەی (رَاعِنَا) بكەین، هیچ كێشەیەكی تێدا نابینین، چونكە بە مانا كوردیەكەی بە واتای ئەوە دێت: (ڕەچاومان) بكەن. كەچی لە ڕوانگەی دیدگای ئیسلام و كەلتوری ئیسلامیەوە دەبینین ئەم چەمكە مانایەكی جیاواز هەڵدەگرێت، كە بۆ توانج و پەلار لێدان بەكاردێت، ئەمەش كاتێك دەزانین كە بۆ كەلەپوری ئیسلامی دەگەڕێینەوە، دەبینین ئەم وشەیە جولەكەكان بەكاریاهێناوە، كە لە زمانی عیبریدا بۆ توانج بەكاردێت. بۆیە لەكاتی وەرگێڕانی ئەم چەمكە لە ناوكۆی

ئەم ئایەتە پیرۆزەدا دەبێ ڕەچاوی کەلپور و کەلتوری ئیسلام بکرێ، نەك تەنها تویکڵی وشەکە.

هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَحَمَلْنَاهُ عَلَى ذَاتِ أَلْوَاحٍ وَدُسُرٍ﴾ قەمەر: ١٣. لێرەدا مەبەستی ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەوەیە کە ئێمە نووحمان (سڵاوی خوای لێبێ) لەسەر کەشتی هەڵگرت، نەك لەسەر تەختە و بزمار، چونکە تەختە و بزمار گوزارشتە لە کەشتی کە لێی دروستکراوە.

بۆ نموونە لە فەرهەنگی کوردی (ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا)ــدا هاتووە:

(ئاسنی سارد دەکوتێت)، تۆ ناتوانی ئەم ڕستەیە بەشێوە ڕووکەشیەکەی وەربگێڕی بۆ سەر زمانی عەرەبی یان هەر زمانێکی تری بیانی، بەڵکو دەبێ مانا و پەیامی دەقەکە وەربگێڕی کە مەبەست لێی ئەوەیە:

(کارێکی بێ سوود دەکات: عمل بلا جدوى) یان (هەوڵەکانی بێ ئاکامە: سعیه بلا نتیجة).

ئەگەر سەیری پەندی پێشینان بکەین چەندین نموونەی لەم جۆرە دەبینین، ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەك لە پەندە کوردییەکان:

(ئەو کەسە کەسە ئەلفێکی بەسە)، خۆ ناکرێ وەرگێر بەڕووکەش وەریبگێڕێ، تەنانەت ناکرێ تەنها بەپێودانگی ڕێزمان لێکی بدەیتەوە، بەڵکو پێویستە بۆ کەلەپوری زمانی کوردی بگەڕێیتەوە، تا لە بنج و بنەوانی ماناکەی تێبگەی، ئەو کات بۆت دەردەکەوێ کە مەبەست لێی ئەوەیە: (ئەو کەسە ژیرە کە زوو لە نیازەکە تێدەگات، یان کەسی هۆشمەند زوو لە مەبەست تێدەگات: العاقل یفهم المقصد سریعا).

(بەقەد بەڕەکەی خۆت قاچ ڕابکێشە): مەبەست لێی ئەوەیە مرۆڤ گوفتاری بە ئەندازەی کردارەکانی بێ، بۆیە لەکاتی وەرگێڕان بۆ زمانێکی تر دەبێ ڕەچاوی مەبەستەکەی بکرێ.

(کەس بەدۆی خۆی ناڵێت ترشە): مەبەست لێ ئەوەیە هەموو کەسێك بیر و بۆچوون و کار و هەڵسوکەوتی خۆی پێ پەسەندە و پێی ڕازییە و بەرگری لێدەکات: (هو راض عن أعماله).

لێرەدا چەند ئیدیەم (خوازراو)ێکی کوردی دەخەمەڕوو بۆ زیاتر ئاشناکردنی خوێنەر بە دەوڵەمەندی کەلەپوری زمانی کوردی:

ئاخوڕی بەرزە: (بەکەسێکی لوتبەرزە دەوترێت: يستعمل للرجل المتكبر).

ئاخوڕی خوارە: (بەکارێکی چەوت و چەواشە دەوترێت: يستعمل للعمل الخاطئ).

ئاخوڕی چەورە: (بەیەکێك دەوترێت کە ساماندار و دەوڵەمەند بێت: يستعمل للرجل الثّري و صاحب المال).

ئاسمان و ڕێسمانە: (بۆ بەراوردکردنی دوو شتە کە هەرگیز بەیەك ناگەن: يستعمل لشيء بعيد عن الآخر).

بەدۆش دەیژەنێت: (بەهەموو شتێك قایلە: يستعمل للرجل راض بكل شيء).

بەرماڵی بەسەر ئاوەوە دەگەڕێت: (مرۆڤێکی پاکە و لە خراپە دوورە: يستعمل للرجل صالح و البعيد عن الشرور).

بلور بایەکی بەسە: (بەشتێك دەڵێن زۆر ناسك بێ: يستعمل لشيء ضعيف).

پەتپەتێنی دونیای پێکرد: (زۆری هێنا و بردی: أزعجه كثيرا).

خۆی بەگورگانخواردوودا: (بەکەسێك دەوترێ بەدەستی خۆی خۆی تووشی بەڵایەکی گەورە بکات: يستعمل لرجل يلقي بنفسه في بلاء عظيم).

دانیان لەیەك سپی بۆتەوە: (شەرم لە یەکتر ناکەن: يستعمل لرجلين لا حياء بينهم).

ڕاست و چەپی خۆی ناناسێت: (بۆ کەسی نەشارەزا و گەلحۆ بەکاردێت: يستعمل للرجل الجاهل).

گۆزەش برای دیزەیە: (بە دوو کەس دەوترێت کە لەیەك بچن: يستعمل لرجلين متشابهين).

بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم ئیدیۆم (خوازراو)ـــە کوردیانە، خوێنەری ئازیز دەتوانێت بۆ کتێبی: (ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا: جەلال مەحمود عەلی) بگەڕێتەوە، کە دوو بەرگە، مایەی سوود و کەڵکە، بەندەش سوودی لێوەرگرتووە.

**سێیەم: کەمی مەشق و ڕاهێنان لەلایەن وەرگێڕەوە:**

وەرگێڕ ئەو کەسەیە کە مانا و مەبەست دەنەخشێنێ لەسەر هۆش و زەینی خوێنەر و بینەر و بیسەر، بەپێی ڕەنگدانەوەی ئەو هونەرەی هەیەتی لەم بوارەدا، جا لەبەر ئەوەی زمان بەرهەمی پەیوەندی کۆمەڵایەتیەوە و لە گەشەی بەردەوامدایە، بەهەمان شێوە وەرگێڕیش کە چەقی کردارەکەیە، دەبێ بەردەوام کار لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری خۆی بکات لە کاری وەرگێڕاندا.

لەبەر ئەوەی هەروەك پێشتر وتمان، وەرگێڕان سەرەڕای ئەوەی زانستە ئەوا هونەریشە، هونەریش بەرزی و نزمی بەخۆیەوە دەبینێ، بۆیە وەرگێڕ چەندە قوڵ ببێتەوە لە وەرگێڕاندا، ئەوا ئەوەندە دەتوانێ مانا گەوهەرئاساکان لە دەقە لێوەرگێڕدراوەکە هەڵبهێنجێ بۆ سەر زمانی بۆوەرگێڕاودا.

بەدڵنیایەوە کورد خاوەن چەندین وەرگێڕی بەهرەمەند و بلیمەتە، کە خزمەتێکی زۆریان کردووە بە خوێنەری کورد و کتێبخانەی کوردی، بۆ

نموونه (م. مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)، چەندین بەرهەمی هەیە، لەوانە فەرهەنگی دوو ڕشتە، کە وشەی عەرەبی بە شیعر کردۆتە کوردی، (م. هەژاری موکریانی)، خاوەنی چەندین بەرهەمە، لە نێویاندا دەقی قورئانی پیرۆزی کردۆتە کوردی، (م. فاڕوق ڕەسول یەحیا)، کە سەرجەمی پەیامەکانی نووری کردۆتە کوردی، و دەیان وەرگێڕی بەتواناى تریش، بەڵام ئەمە مانای وا نییە کە وەرگێڕی دەست و پێ سپی و ناکارامەمان نین، کە لە گواستنەوەی مانا و پەیامی دەقدا زۆر کەم توانان.

ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن:

- لە یەکێك لە کتێبەکاندا کە لە عەرەبییەوە کرابووەوە کوردی بینیم، وەرگێڕی بەڕێز ئاواها ئەم ڕستەیەی وەرگێڕابووە سەر زمانی کوردی:

**(الطلاب في محيط الجامعة)**: قوتابیان لە نێو زەریای زانکۆدا.

کەچی مەبەستی نووسەر ئاماژەکردنە بە قوتابیان لە نێو حەرەمی زانکۆدا نەوەك لە نێو ئاوی زەریای زانکۆدا. بۆیە دەکرا بەم جۆرە وەریبگێڕابایە: (قوتابیان لە نێو چوارچێوەی زانکۆدا یان لە نێو حەرەمی زانکۆدا).

ب- یەکێکی تر لەو نموونانە ئەوەیە، وەرگێڕێکی بەڕێز نەك تەنها لە ناوەڕۆکی ئەو کتێبەی وەریگێڕاوە، هەڵەی لە وەرگێڕانەکەیدا کردووە، بەڵکو لە ناونیشانی کتێبەکەوە هەڵەیەکی زەقی کردووە، جا ناونیشانی کتێبەکەی بە هەر دوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی داناوە، دواتر کوردیەکەشی لەسەر بەرگ داناوە، ئەوەی سەیرە چاپی شەشەمیشی بۆ کراوە، کەچی ئەم هەڵەیە ڕاست نەکراوەتەوە، بەم شێوەیە:

(أسعد الناس في العالم: **The Happiest One**)

بەم جۆرە وەریگێڕاوە: یەکەم مرۆڤی بەختەوەر لە جیهاندا.

دەبینین کە ئەمە وەرگێڕانێکی زۆر کرچ و کاڵە، دەکرا بەم جۆرە وەریبگێڕابا: (بەختەوەرترین مرۆڤی جیهان). تەنانەت نەك وەرگێڕان ئەگەر ئەم کتێبە نووسراش بێ ئەوە ناونیشانەکەی هەر هەڵەیە.

ت- دوو کتێبم لەبەردەستن، لەبارەی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیەوە، دوو وەرگێڕی جیاواز وەریانگێڕاوە و هەر لە ناونیشانی کتێبەکاندا کرچ و کاڵی و هەڵەی تێدایە، کە بەم جۆرەی خوارەوە وەریانگێڕاوە:

**(جەنگی جیهانی یەکەم: الحرب العالمية الأولى).**

**(جەنگی جیهانی دووەم: الحرب العالمية الثانية).**

کەچی دەبوایە بەم جۆرەی خوارەوە گوزارشتی لە مانا و مەبەستی ئەم ناونیشانانە بکردبا، کە ماناکەی زۆر بەڕوون و ڕەوانتر لەلای خوێنەر دەدرەوشێتەوە:

(جەنگی یەکەمی جیهانی) و (جەنگی دووەمی جیهانی)، ئەمە زۆر دروستتر و ڕەوانترە، چونکە (جەنگی جیهانی یەکەم یان جەنگی جیهانی دووەم) ئاماژەی تر بەدەستەوە دەدات، لەبەر ئەوەی ئێمە چەندین ڕووانگەمان بۆ جیهان هەیە، هەیان پێ وایە: جیهانی پێشکەوتوو و دواکەوتوو و جیهانی سێهەممان هەیە، تەنانەت لە ڕوانگەی ئاینیەوە جیهانی یەکەم (دونیا) و جیهانی دووەم (دوارۆژ)ـــمان هەیە.

پB نموونەیەکی دیکە ئەوەیە، ئەگەر سەیری کتێبی پێشەوا غەزالی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) بکەین **(إحياء علوم الدين)**، کە وەرگێڕێکی بەڕێزی کورد وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی، دەبینین لە ناونیشانەکە هەڵەیەکی بەرچاوی کردووە، بەوەی بەم

جۆره وەرگێڕاوە: (ژیانەوەی زانستەکانی ئایین)، ئەمەش کرچ و کاڵی تێدایە و لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە وەرگێڕەکە ئەزموون و ڕاهێنانی زۆری لەم بوارەدا نەبووە، چونکە دەبوایە بەم جۆره وەریگێڕابایە: (ژیاندنەوەی زانستەکانی ئاینی ئیسلام) یان (زیندووکردنەوەی زانستەکانی ئایین). کە پێم وابێ یەك مانا و مەبەست بە خوێنەر دەدات، ئەویش هەڵسانی پێشەوا غەزالییە بە دووبارە لێکدانەوەیەکی ڕەسەن بۆ زانستەکانی ئایین و گواستنەوەی بۆ ناو کایە زیندووەکانی ژیانی کۆمەڵگەی موسڵماندا.

دەکرێ بەندە نموونەیەك بهێنێتەوە لەسەر گرنگی مەشق و ڕاهێنان و ڕۆڵی لە گەڵاڵەکردنی مانا و مەبەستدا، من لە کتێبی (گەشەسەندنی فیکری سیاسی شیعە لە ڕاوێژەوە بۆ ویلایەت فەقیە)، ئەم سەرە بابەتەم بەم شێوەیەی خوارەوە وەرگێڕاوە:

**(الشورى.. و ولاية الأمة على نفسها)**: ڕاوێژ.. و خۆڕێبەری ئوممەت.

پێم وابێ ڕستەیەکی ڕوون و ڕەوانە، وەرگێڕانەکە پەیامی دەقە ڕەسەنەکەی گەیاندووە، چونکە نەدەکرا بەشێوەی تر وەریبگێڕم، چونکە مەبەستی نەدەپێکا، سەرەتا بیرم کردووە، کە بەم جۆرە دایبڕێژم: (ڕاویژ.. دەسەڵاتی ئوممەت بەسەر خۆیدا)، کەچی بە کرچ و کاڵم زانی بۆیە بەم شێوەیەی سەرەوە گوزارشتم لێکرد.

جا ئەوەی من دەبینم ئەوەیە ئەم وەرگێڕانە توانایان هەیە، بەڵام کەمی مەشق و ڕاهێنان کۆسپ و لەمپەری بۆ ئەوان دروستکردووە، تەنانەت کرچ و کاڵیشی لە بەرهەمەکاندا دروستکردووە.

## چوارەم: سنوورداری توانای وەرگێڕ لە گەیشتن بە مانای ڕوون و ڕەوانی دەق و گەیاندنی بە خوێنەر:

سنوورداری توانای وەرگێڕ لە بەرجەستەکردنی مانا و مەبەستی وشە لە هونەری وەرگێڕاندا، هەندێك جار دەبێتە کۆسپ لەبەردەم سەرکەوتنی کرداری وەرگێڕان، ئەمەش کاتێك ڕوودەدات کە وەرگێڕ توانای لاواز بێ لە گەیشتن بە مانای ڕوون و ڕۆشنی دەق و گەیاندنی پەیامەکەی بە خوێنەر.

ئەگەر سەیری کتێبخانەی کوردی بکەین، دەبینین لەم دواییانەدا بەرهەمی زۆری بەخۆیەوە بینیوە لە بواری وەرگێڕاندا، بەتایبەت لە دوای نەوەدەکانەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا کرچ و کاڵییەکی مەزن و بۆشاییەکی دیار دەبینرێ لە نێوان مانای بەرهەمی لێوەرگێڕاو، لەگەڵ مانای هەمان بەرهەم لەو زمانەی بۆی وەرگێڕدراوە.

لە ساڵی ٢٠١٤ز نووسەرێکی بەڕێزی کورد پێشنیازی بۆ کردم، تا کتێبێك و نامیلکەیەك، کە لە نووسینی خۆی بوون، لە زمانی عەرەبیەوە بۆی وەربگێڕمە سەر زمانی کوردی، سەیرم کرد نامیلکەکە کراوەتە کوردی و عەرەبیەکەشی لەگەڵیدا دانراوە، ئەو نامیلکەیە لەلایەن مەلایەکی ناسراوی کوردستان وەرگێڕدراوە، کە توانایەکی باشی هەیە لە زانستە شەرعییەکاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە وەرگێڕانی ناونیشانی نامیلکەکەدا نەیتوانیبوو ماناکە بە تەواوی بگوازێتەوە بۆ خوێنەر. ئەوەی مەبەستمە ئەوەیە کە زۆرجار مرۆڤ دەکرێ هەڵگری دەقێك بێ و لەبەریشی بێ، بەڵام مەرج نییە بە تەواوی مەلەی لە نێو ماناکەیدا کردبێ، هەروەك پێغەمبەری خوا "درود و سڵاوی خوای لێبێ" فەرموویەتی: (**رُبَّ حَامِلِ فِقْهٍ لا فِقهَ لَهُ، وَرُبَّ حَامِلِ فِقْهٍ إِلَى مَنْ هُوَ أَفْقَهُ مِنْهُ**)، (المستدرك على الصحيحين: ١٦٢/١، بە

ژماره: ٢٩٤)، واته: دەکرێ کەسێك دەقێك یان زانستێکی لابێ، بەڵام لێی تێنەگات، لەوانەیە بیگوازێتەوە بۆ کەسێکی تر کە لەو چاکتر تێبگات.

جا ناونیشانی نامیلکەکە بەم شێوەیە بوو:

**(الموقف الإسلامي تجاه المختلفين في الدين)**، ئەویش بەم شێوەیە وەریگێڕابوو: **(هەڵوێستی ئیسلامیانە لەهەمبەر ئەوانەی لە ئایندا لە یەك جیاوازن)**. ئەم جۆرە وەرگێڕانە دوو مانا و پەیام بە خوێنەر دەدات، یان ئەوەتا ئەوانەی ئاینیان لە یەکتر جیایە، یانیش ئەوانەی پەیڕەوکاری یەك ئاینن، بەڵام مەزهەبیان لەیەکتر جیایە.

لەبەر ئەوە کاتێك بەندە وەریگێڕا، هەوڵیدا ناونیشانەکە یەك پەیام بەخوێنەر بدات و خوێنەر نەکەوێتە نێو دوودڵیەوە، بۆیە بەم شێوەیەی خوارەوە گوزارشتم لێکرد: **(هەڵوێستی ئیسلامی بەرامبەر خاوەن ئاینە جیاوازەکان)**.

ئەگەر سەیری کتێبی (میکاڤیللی: سێبەری شەیتان لەسەر زەوی) بکەین، دەبینین خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی وەرگێڕدراوە کوردییەکەدا تووشی چەندین ئاستەنگ لە تێگەیشتندا دەبێتەوە، ئەوەتا وەرگێڕی کتێبی

ناوبراو، لەكاتى وەرگێڕانى ئەم ڕستە بەناوبانگەدا: **(الغايه تبرر الوسيلة)** نەيتوانيوە بە ڕوون و ڕەوانى ماناكەى بەرجەستە بكات، بەم جۆرە وەريگێڕاوە: (ئامانج پاساوى ڕەفتارە)، لەكاتێكدا ئەم گوتەيە ناوبانگێكى زۆرى هەيە، پوختەى بيرۆكەى (ميكافيلى)ـــيە لەبارەى سياسەتكردن و دەسەڵاتداريەوە.

بەڕاى بەندە دەبوايە وەرگێڕ، بەم شێوەيەى خوارەوە ئەم گوتەيەى وەربگێڕابايە سەر زمانى شيرينى كوردى: (ئامانج ڕەوايى بە ئامرازەكان دەدات) يان (ئامانج ڕەوايى بە ڕێوشوێنەكان دەدات). پێم وابێ بەم جۆرە زياتر و جوانتر مەبەستى دەقەكە دەگات.

## پێنجەم: جياوازى لە شێوازى گەياندنى پەيامى دەق:

جياوازى شێوازى گەياندنى پەيامى دەق، زۆرجار دەبێتە كۆسپ لەبەردەم كارى وەرگێڕان، چونكە ڕەنگدانەوەى تواناى وەرگێڕ كاريگەرى دەبێ لەسەر ئەوەى چۆن پەيامەكە دەگەيەنێ و خوێنەر چۆن تێدەگەيەنێ. هەندێك جار ئەمە لە دەقە شيعرييەكاندا دەبينين كە وەرگێڕ زۆر بەسەختى

دەتوانێ مەبەستەکە بگوازێتەوە، بەڵام وەرگێڕی واش هەیە توانای وەرگێڕانی شیعری هەیە بە شیعر و مەبەستەکەش تا ڕاددەیەکی باش دەگوازێتەوە.

بۆ نموونە بەندە لە کتێبی (تەوژمی فیکری سیاسی وەهابی: حەسەن فەرحان مالیکی) لە کاتی وەرگێڕانی ئەم فەرموودەیەدا: **(تدور رحى الإسلام لخمس و ثلاثين أو ست و ثلاثين أو سبع و ثلاثين..)**.

پەنام بردۆتەبەر لێکدانەوە و گواستنەوەی پەیام و مەبەستی دەقەکە، نەوەك خۆ هەڵواسین بە توێکڵی وشە یان پابەندبوون بە وەرگێڕانی وشە بە وشە، لەبەر ئەوەی ئەگەر سەیری وشەی (الرحى) بکەین، دەبینین بە مانای "ئاش" دێت، جا ئەگەر وەرگێڕانی وشە بە وشە یان وەرگێڕانی ڕووکەشی بۆ بکەی، ئەوا دەبێ بەم جۆرە وەریبگێڕی: (ئاشی ئیسلام دەگەڕێ بۆ سی و پێنج یان سی و شەش یاخود سی و حەوت ساڵ)، کەچی لە ڕاستیدا مەبەست لێی ئەوە نییە، بەڵکو مەبەستی ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا ئەوەیە، هەروەك (پ.د. محەمەد عەبدوڵا مەسعەری) لە کتێبەکەیدا (الملكية الوراثية: ٢٧) لەوبارەوە دەڵێت: مەبەستی بەردەوامی دەسەڵاتی خەلافەت و حوکمی ئیسلامە.

لەبەر ئەوە لەکاتی وەرگێڕانی ئەم فەرموودەیەدا من پشتم بەستووە بە شرۆڤەی مەبەستی فەرموودەکە، کە (پ.د. محەمەد عەبدوڵا مەسعەری) لە کتێبی ناوبراودا شرۆڤەی کردووە، جا بە سوود بینین لە شرۆڤەکەی ئەو من دەقەکەم وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی بەم شێوەی خوارەوە:
(حوکمی ئوممەتی ئیسلام بەردەوام دەبێت، بە هێز و تواناوە و جەنگ دەکات لەگەڵ دوژمنە بێ باوەڕە جەنگاوەرەکان بۆ ماوەی سی و پێنج ساڵ یان سی و شەش ساڵ یاخود سی و حەوت ساڵ).

لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە ئەو فەرموودە پیرۆزە، دەیەوێ مانا و پەیامێك بەدەستەوە بدات، ئەویش مانەوەی ئوممەتە بە بەهێزی، بەردەوامی دەوڵەتی ئیسلامە لە ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕخوازان و شەڕفرۆشان، بۆ ئەو ماوەی کە ئاماژەی پێکرا.

شێوازی گەیاندنی پەیام و مەبەستی دەق، ئەگەر بە ڕوون و ڕەوانی بێت، ئەوا خزمەتێکی زۆر دەکات بە بەرەوپێشچوونی هونەری وەرگێڕان، ئەگەر بە کرچ و کاڵیش بێ، ئەوا لەبڕی ئەوەی ببێتە ئاسانکار ئەوا دەبێتە شێوێنەری مانای دەق و شێلوکردنی پەیامی دەقەکە.

ئەگەر بڕوانینە ئەم ڕێسایەی زانستی بنەماکانی فیقه (أصول الفقه): که دەڵێت: **(ما لا یتم الواجب إلّا به، فهو واجب)**، ئەوا به چەند شێوەیەك دەتوانرێ بۆ سەر زمانی کوردی وەربگێڕدرێت، بەڵام گرنگیەکەی لەوەدایە چەندە دەتوانرێ مەبەست و مانای دەقەکە به وەرگر و خوێنەر بگەیەنرێ، دەکرێ بەم شێوەیە وەربگێڕدرێ: (هەر شتێك واجبێك تەواو بکات، ئەو شتەش واجبه) یان (هەر واجبێك تەواو نەبێ بەبێ تەواوکەرێکی تر، ئەوا ئەو تەواوکەرەش واجبه)، بەڵام پێم وایه ئەم دوو جۆرەیان کرچ و کاڵیان پێوە دیاره، بەڵکو ئەم شێوەیەی خوارەوە لە هەموویان ڕەوانتره: (هەر واجبێك پەکی لەسەر هەر چییەك بکەوێت، ئەویش واجبه).

## شەشەم: بوونی هاوواتا (مرادفات)ـی زۆر له هەندێ زماندا:

هەندێك له زمانەکان زۆرتر خزمەتیان کراوە له هەندێکی تر، بەمەش دەبینین زمانێکی وەك زمانی عەرەبی دەوڵەمەندە به هاوواتا و هاوماناکان، به بەراورد به زمانی کوردی، تەنانەت هەندێك له وشه و چەمکەکان بەتایبەت له هەندێك بواردا، وەك: بواری پزیشکی و زانستییه تاقیکارییەکان و

ئەلیکترۆنیەکان..هتد، تا ئێستا وشەی بەرامبەریان لە زمانی کوردیدا بۆ نەدۆزراوەتەوە.

لە زمانی عەرەبیدا هەر هاوواتایەك مانا و مەبەستی خۆی هەیە، بۆ نموونە: وشەکانی (الشك، الظن، الريب)، هەر سێکیان بە مانانی دوودڵی و گومان دێن لە کوردیدا، بەڵام لە خودی زمانی عەرەبیدا هەر یەکێکیان مانا و ئاماژەی خۆی هەیە.

"الشَّك" پێچەوانەی باوەڕبوونی تەواو و دڵنیایی "اليقين"ـــە، دوودڵبوون و ساغ نەبوونەوەی گومانکارە لە نێوان دوو ئەگەر، "الشَّك" کۆبوونەوەی دوو شتە لە ناخدا، کە دڵ هیچ یەکێکیان پەسەند ناکات بەسەر ئەوەی تردا، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَإِنْ كُنْتَ فِي شَكٍّ مِّمَّا أَنْزَلْنَا إِلَيْكَ فَاسْأَلِ الَّذِينَ يَقْرَؤُونَ الْكِتَابَ مِن قَبْلِكَ﴾ سورەتی یونس: ئایەتی ٩٤، واتە: ئەگەر تۆ دڵنیا نیت ئەوا پرسیار بکە لەوانەی کتێبیان لە پێش تۆدا خوێندۆتەوە.

سەبارەت بە "الظن" ئەوا ساغبوونەوە و یەکلابوونەوەیە تا ڕادەیەك لە نێوان یەکێك لە دوو گریمانەکەدا، پلەکانی "الظن" بەرز و نزمیان

تێدەکەوێت، زۆرجاریش لە جیاتی زانین (علم) بەکارهاتووە و بووەتە هاواتای، ئەمەش لەبەر چەندین هۆکار کە نامانەوێ لێرەدا بە دوور و درێژی بچینە ناویەوە، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿الَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلاَقُوا رَبِّهِمْ﴾ بەقەرە: ٤٦، واتە: ئەوانەی دەزانن بەدیداری پەروەردگاریان شاد دەبنەوە.

بەڵام "الريب" گومان هەبوونە لەگەڵ تۆمەتبارکردن: ﴿ذَلِكَ الْكِتَابُ لاَ رَيْبَ فِيهِ﴾ بەقەرە: ٢، لەگەڵ ئەوەی هاوبەشدانەران گومانیان لە قورئانی پیرۆز هەبوو، ئەوا پێغەمبەریشیان (درود و سڵاوی خوای لێبێ) تۆمەتبار دەکرد بەوەی لەخۆیەوە هەڵیبەستووە.

کاتێك سەیری وشەیەك دەکەین، هاوشێوەی (بَحَث) دەبین چەند لق و پۆپی مانا و مەبەستی لێ دەپشکون، ئەوانیش ئەم مانایانەن: (سەرنجیدا و لێوردبووەوە، شەنوکەوی کرد، هەواڵیپرسی، لێڕاما، لێیکۆڵینەوە، پشکنی، بەدوایداچوو، وردبینیکرد، پشکوتیەوە، بیری لێکردەوە، توێکاری کرد، کونی کرد و هەڵیکۆڵیەوە)، و چەندین مانای تریشی هەیە، کە دەبێ وەرگێڕی کورد لەکاتی وەرگێڕانی ئەم جۆرە وشانە، ڕەچاوی ناوکۆ (سیاق)ـــی دەقەکە بکات تا مانای وشەکانی بۆ یەکلا دەبێتەوە.

**حەوتەم: هەژار دەرکەوتنی زمانی کوردی بە بەراورد بە هەندێک لە زمانەکان:**

کاتێك بەراوردی زمانی شیرینی کوردی دەکەین، لەگەڵ بەشێك لە زمانەکانی تر بەتایبەت زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، ئەوا دەبینین زمانی کوردی هەژار دەردەکەوێ بە بەراورد بەو زمانانە.

بۆ نموونە بەندە لە پێشەکی کتێبی (تەوژمی فیکری سیاسی وەهابی) لەکاتی وەرگێڕانی چەمکی "ڕادیکاڵ"، هیچ وشەیەکی کوردیم بەدی نەکرد تا جێگای بگرێتەوە، بۆیە ناچاربووم ئەم چەمکەم وەك خۆی دانایەوە و لە پەڕاوێزدا پێناسەیەکی تێروتەسەلەم بۆ کرد، بەم شێوەیە:

(مانای چەمکی ڕادیکاڵ "Radical": بە هەموو ئەو بزوتنەوە و بەرنامانە دەوترێت کە دەیانەوێ واقیعێکی دیاریکراو لە ڕیشەوە بگۆڕن، جاران (لیبراڵیش) ئەو مانایەی هەڵدەگرت بەڵام ئێستا ئەو توانایەی نەماوە، تەنها بەرنامە شمولیەکان ئەو ئەرکەیان پێ ئەنجام دەدرێ، یەکەم جار "جیمس نۆکس ١٧٩٧" بەکاری هێنا لە بەریتانیا، داوای چاکسازی قوڵی کرد بەڵام

نەگاتە ڕاددەی سۆشیالستی، ....ئیتر لەوەودوا ئەم چەمکە تەشەنەی کرد)[1].

هەرچەندە ئێستا لە دوای لە چاپدانی ئەم کتێبە پێم وابێ وشەی (ڕیشەگۆڕخواز) تەواو بەپێستی وشەی ڕادیکاڵە.

زۆربەی کاتەکان وەرگێڕ دووچاری سەختی دەبێتەوە لە وەرگێڕان لەم دوو جۆرە زمانانە، هەندێك جاریش دەبێ پەنا بباتە بەر داتاشینی مانایەکی گونجاو بۆ مەبەستی وشەکە ئەگەر بە زیاد لە وشەیەکیش بێ، بۆ نموونە لە کتێبی (نوێسازی هەڵوێستی ئیسلامی لە هزر و فیقە و سیاسەت)ــــدا، بەندە لەکاتی دەسپێکردن بە وەرگێڕانی، ئەوا لە پێشەکی ئەم کتێبەدا ئەم وشەیەی هاتەپێش (جدلی)، کە لە فەرهەنگەکانی زمانی کوردیدا هاووتای پڕ بە پێستیم نەدۆزیەوە، بۆیە ناچاربووم دوو وشە لەیەکتر بدەم بۆ گەیاندنی ماناکەی بەم شێوەیەی خوارەوە (مشتومڕئامێز یان مشتومڕخواز)، پێم وابوو ئەمە دەتوانێ بەشێك لە مەبەستەکەی بگەیەنێ.

---

(1) فەرهەنگی جودی، مەسعود عبدالخالق، تەفسیر: هەولێر، ٢٠٠٨، لا ٧٢٤.

ئا بەم جۆرە دەبینین بەهۆی دواکەوتنی شەمەندەفڕی زمان و هونەری واتاسازی کوردی لە چەرخ و ڕەوڕەوەی کێبڕکێی زمانەکان، بەتایبەت لەم سەردەمە هاوچەرخەدا، کە چەندین هۆکاری سیاسی و ئەکادیمی و ..هتد لە پشتەوەن، لەگەڵ زۆربوونی داهێنانی خێرا لە زۆربەی بوارەکاندا، دەبینین زمانی کوردی هەژار کەوتووە بەراورد بە بەشێك لە زمانەکان.

**هەشتەم: شارەزانەبوونی وەرگێڕ لەو بوارەی وەرگێڕانی تێدا دەکات:**

یەکێك لەو ئاستەنگانەی دێنە بەردەم هونەری وەرگێڕان، کاری وەرگێڕان سەخت دەکەن، یان بەلایەنی کەمەوە ڕێگری دەکەن لەوەی وەرگێڕ بتوانێ پەیامی دەقی لێوەرگێڕدراو (سەرچاوە) بگوازێتەوە بۆ خوێنەر و بینەر و گوێگر، ئەوەیە کە وەرگێڕ هەندێك جار وەرگێڕان لە بوارێکدا دەکات کە خۆی تێیدا شارەزا نییە، یان بەلایەنی کەمەوە خوێندنەوەیەکی قوڵی لەو بوارەدا نییە، من ناڵێم دەبێ بڕوانامەی لەو بوارەدا هەبێ، چونکە بێگومان بڕوانامە پێوەر نییە، بەڵکو شارەزایی و کارامەیی سەنگی مەحەکە، ئەمەش کاتێك دێتەبوون کە وەرگێڕ بۆ ڕامان و خوێندنەوەیەکی قوڵ لەو

لایەنەی وەرگێڕانی تێدا دەکات خۆی یەکلا کردبێتەوە، بۆ نموونە ناکرێ کەسێك کە شارەزایی باشی لە ئاینی ئیسلام هەبێ و کاری وەرگێڕانی لەم بوارەدا کردبێ ڕاستەوخۆ دەستبکات بە وەرگێڕان لە بواری زانستی پزیشکیدا بێ ئەوەی هیچ پاشخان و ئەزموونێکی کەلەکەبووی لەم بوارەدا هەبێ.

یەکێك لە وەرگێڕە بەڕێزەکان، کە خاوەنی چەندین بەرهەمە لە بواری وەرگێڕاندا و خزمەتێکی زۆری کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی کتێبێکی وەرگێڕاوە لە بوارێکدا کە خۆی تێدا شارەزا نەبووە، ئەوا دووچاری هەڵەی زەق بووەتەوە، ئەویش بەوەی ئەم دەقە عەرەبییەی خوارەوەی بەم جۆرە وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی: (**الحصار القاري**)، (تەسککاری کیشوەری)، لەکاتێکدا هەمووومان دەزانین خوێنەر ناتوانێ لەم دەقە کوردییە تێبگات، چونکە لەکاتی خوێندنەوەدا دەقە عەرەبییەکەشی لەلا نییە، تەنانەت خوێنەر لەوانەیە وا تێبگات کە قەبارەی کیشوەرەکان بەرتەسکبووبنەوە، یان نەخشەی کیشوەرەکان دەستکاری کراون، بۆیە ڕاستتر وابوو بەم جۆرە گوزارشتی لێبکردبا: (گەمارۆی کیشوەری) یان (ئابلۆقەی کیشوەری).

لە کتێبێکی تردا کە ناوی "زانستی مەنتیق"ـــە، وەرگێڕی بەڕێزی ئەم کتێبە کە لە زمانی عەرەبیەوە وەریگێڕاوە، دووچاری ئەم هەڵەیە بووە، بەوەی خۆی لەو بوارەدا شارەزانەبووە کە ئەم کتێبەی تێدا نووسراوە، ئەویش بواری زانستی ژیربیژی (مەنتیق و لۆژیکە)، جا لەکاتی وەرگێڕانی چەمك و وشە و دەستەواژەکاندا، هەڵەی زەقی کردووە، بۆ نموونە بۆ وشەی (**الموضوعي**) وشەی "دانانی" لەبەرامبەر داناوە، لەکاتێکدا بەپێی ناوکۆ (سیاق)ـــی دەقەکە بە مانای "بابەتی" دێت نەوەك "دانانی"، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە وەرگێڕ لەو بوارەدا دەبێ وەرگێڕان بکات کە دەستێکی باڵای تێدا هەیە و شەنوکەوی تەواوی بۆ ڕەهەندەکانی کردووە، من ناڵێم وەرگێڕی کتێبی ناوبراو وەرگێڕ نییە یان توانای وەرگێڕانی نییە، بەڵکو دەڵێم لەو بوار و لایەنەدا شارەزا نییە کە کتێبەکەی تێدا نووسراوە.

بەم پێیە پێشنیازی ئەوە دەکەم وەرگێڕ تەنها لەو بوارەدا کاری وەرگێڕان بکەن کە تێیدا شارەزان، بۆ نموونە بەندە لەکاتی وەرگێڕانی "فەرهەنگی زانست و تەکنەلۆژیا: زنجیرەی ۱ کارەبا" ئەوا بە هاوبەشی لەگەڵ "م. سەفین عەزیز" وەرمگێڕاوە کە پسپۆرە لە بواری زانستیدا و توانایەکی زۆری هەیە لە زمانی ئینگلیزی و عەرەبیدا، ئەمەش بۆ ئەوە بوو تا

یارمەتیم بدات لە کردنەوەی جفرەی مانا وشە زانستییەکانی ئەم بوارە، سوپاس بۆ خوا کتێبەکەش بە سەرکەوتوویی بەئەنجام گەیەنرا.

بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم کۆسپ و لەمپەرانە، ئەوا ئاماژە بە چەند ڕێگەچارەیەك دەکەین کە پێویستە وەرگێڕ پیادەیان بکات تا وەرگێڕانەکەی ڕوون و ڕەوان بێت و هونەری وەرگێڕان بە تەواوی لە بەهرەکانیدا بدرەوشێتەوە، ئەوەتا "جاحیز" زیاتر لە شەش سەدە پێش ئێستا، لە کتێبی (الحیوان)ــــدا، بۆچوونی خۆی لەبارەی وەرگێڕانەوە خستۆتەڕوو، کە زۆر گرنگ و پڕ بایەخە، بۆچوونەکانی ناوبراو بە تەواوی مانا گوزارشت لە واقیعی وەرگێڕان لەمڕۆدا دەکەن، کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا باسی لێوەکردووە: (بریتین لەوەی دەبێ:

أ- توانای هۆشی وەرگێڕ دەبێ هاوتای توانای هۆشی خاوەن بەرهەمە ڕەسەنەکە بێ.

ب- دەبێ وەرگێڕ لە هەر دوو زمانەکەدا بەیەك ئاست شارەزا بێ.

ت- لە نێوان زمانەکاندا وێکچوونی تەواو و ڕەها بوونی نییە، چونکە هەر زمانێك ڕۆحی تایبەت بەخۆی هەیە، شێواز و دەربڕین و

چەمك و پێكهاتە و قالب و گریمانەی كورتكراوە یان درێژكراوەی هەر زمانێك لەگەڵ زمانێكی دیكە جیاوازە.

پ- دوو زمان ناكۆكیانە و هەر یەكێكیان دەیەوێ ئەویتر بەلای خۆیدا ڕابكێشێ، و پێكهاتەی پەیڤین و تایبەتمەندییەكانی ئەویتر بە قەرز وەرگرێ.

ج- ئەركی وەرگێڕە دڵنیا بێ لە دروستی ڕەشنووسی خەتی خۆی، چونكە هەڵەكردن دەبێتە هۆی تەشەنەكردنی گەندەڵی لە دەقەكاندا)[1] (الحيوان: ١/ ٥٤).

بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم كۆسپانە پێویستە وەرگێڕ، لە نێویاندا وەرگێڕی كورد ڕەچاوی ئەو خاڵانە بكات، چونكە بۆ هەر وەرگێڕێك كە بیەوێت وەرگێڕانێكی ڕوون و ڕەوان بەرهەم بهێنێ، لەپێناو خزمەتی زمان و كەلتوری كوردی بەتایبەتی، ئەوانیش ئەمانەی خوارەوەن:

١– هەوڵدان بۆ شارەزابوون تا ئاستێكی باش لە زمانی لێوەرگێڕدراو (سەرچاوە)، و زمانی بۆوەرگێڕدراو (مەبەست).

---

(١) الحيوان، الجاحظ، دار الكتب العلمية، بيروت، ط٢، ١٤٢٤هـــ: ١/ ٥٤.

٢- دڵنیابوون لە تێگەیشتن لە مانا و مەبەستی ئەو دەقەی کە وەردەگێڕدرێت.

٣- گەیاندنی پەیام و مەبەستی دەقەکە بە سادەترین شێوە بۆ ئاسان تێگەیشتنی خوێنەر.

٤- لە پاڵ شارەزایی لە ڕێزمان و ڕستەسازی و وشەسازیدا، قوڵبوونەوە لە کەلتور و کەلەپوری هەر دوو زمانەکە.

٥- لە داڕشتنەوەی مەبەست و مانای دەقەکە زیاتر ڕەچاوی زمانی بۆ وەرگێڕدراو (مەبەست) بکات، نەوەك پابەندی قالبی دەقە ڕەسەنەکە (لێوەرگێڕدراو) بێ، ئەگەرنا وەرگێڕانەکە کرچ و کاڵ دەردەچێ.

٦- ڕاهێنان و مەشقکردنی زۆر و بەردەوام، کە وادەکات تواناکانی وەرگێڕ لە هونەری وەرگێڕاندا جوانتر مانا گەڵاڵە بکات و بگوازێتەوە.

٧- لە پاڵ مەشقکردن لەسەر وەرگێڕان، وەرگێڕ پێویستە هەوڵبدات تا ئاستی بەرز بکاتەوە، بە زۆر خوێندنەوە و ئاشنابوون لەو بوارەی وەرگێڕانی تێدا دەکات. بۆ نموونە وەرگێڕانی ئاینی پێویستی بە بوونی زانیاری تەواوە لەسەر چەمکە ئاینیەکان، لە بوارەکانی

تری زانستیش بۆ نموونە پزیشکی و ئەندازیاری و.. هتد، بەهەمان شێوە شارەزایی تایبەت بەم بوارە دەخوازێ.

٨- هەوڵدان بۆ داهێنانکردن لەکاتی نەبوونی وێکچوون لە زمانی لێوەرگێڕاو لەگەڵ زمانی بۆ وەرگێڕدراو. بۆ نموونە زمانی کوردی بەراورد بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی کەمتر خزمەتی کراوە، بۆیە پێویستی بە داهێنانە کاتێك وەرگێڕانی بۆ دەکرێت.

٩- بەرزکردنەوەی ئاستی بیر و هۆشی وەرگێڕ، بۆ نزیك لە ئاستی نووسەر لەو نووسینەی نووسیویەتی.

# بەشی سێیەم

# جۆر و شێوازەکانی وەرگێڕان

دەروازەی یەکەم: جۆرەکانی وەرگێڕان

دەروازەی دووەم: شێوازەکانی وەرگێڕان

کاتێك سەیری کتێبە وەرگێڕدراوەکان دەکەین، دەبینین چەندین جۆر و شێوازی وەرگێڕانیان تێدا پەیڕەو کراوە، هەروەك لەسەرەتادا باسمان کرد، وەرگێڕان هونەرە و هەر وەرگێڕێك بەجۆرێك گوزارشت لە مەبەستی دەق دەکات، کە توانا و بەهرەکەی ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێ لە دیاریکردنی جۆری گەیاندنی پەیام و مەبەستی دەقەکە. کەواتە ئەگەر زیادەڕەوی نەبێ، ئەوا دەتوانین بڵێین جۆر و شێوازەکانی وەرگێڕان ئەوەندە زۆرن بە ئەندازەی ژمارەی وەرگێڕەکانن، چونکە هەر وەرگێڕێك بە تام و چێژی خۆی مانا و مەبەستی دەق گەڵاڵە دەکات و خوێنەریش لەکاتی خوێندنەوەی بەرهەمی وەرگێڕەکاندا بە ڕۆشنی هەست بەمە دەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا پسپۆڕان و شارەزایانی ئەم بوارە چەند جۆرێکی سەرەکیان دیاریکردووە، لە جۆر و شێوازەکانی وەرگێڕان، کە وەك هێڵی گشتین بۆ تێکڕای جۆر و شێوازەکانی وەرگێڕان، لێرەدا بەشێوەیەکی خێرا تیشك دەخەینەسەر گرنگترین جۆر و شێوازەکانی وەرگێڕان، کە لە ئێستا زۆر باون، هەندێك لەم جۆرانەی وەرگێڕان پەیامی دەقە لێوەرگێڕدراوەکە (دەقی سەرچاوە) بە جوانی لە زمانی بۆوەرگێڕدراو (دەقی مەبەست)ـــدا

بەرجەستە دەکەن، هەندێك جۆری دیکەی وەرگێڕان تەنها قالبی وشەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر یان لەشێوەزارێکەوە بۆ شێوەزارێکی تر دەگوزانەوە.

گرنگە لێرەدا ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەین، بۆ ئەوەی ببێتە هاندەر بۆ ئەوانەی هەنگاوی سەرەتاییان ناوە لە بواری کاری وەرگێڕاندا، ئەویش ئەوەیە کە زۆربەی وەرگێڕەکان کاتێك دەستدەکەن بە کاری وەرگێڕان زیاتر لە شێوازە وشکەکانەوە دەستپێدەکەن، واتە لە شێوازی وەرگێڕانی وشە بە وشە (وشەیی)ـــیەوە، ئینجا بە ئەزموونکردنی بەردەوام و زۆر کارکردن لەو بوارەدا ئاستی شێوازی وەرگێڕان لای وەرگێڕ بەرز دەبێتەوە بۆ ئاستی شێوازی وەرگێڕانی واتایی، مەبەستمە بڵێم مەشق و ڕاهێنان چاکترین ڕێگەن بۆ ئەوەی بگەین بە شێوازێکی ڕوون و ڕەوانی وەرگێڕان، ئەمەش بەپێی ئەزموونی خۆم کە لە بەخششی خواوە دەیزانم بۆم دەرکەوتووە.

لەم بەشەدا باسی گرنگترین جۆر و شێوازەکانی وەرگێڕان دەکەین، بە خستنەڕووی نموونە و بەرچاوڕوونی هەوڵ دەدەین خشتەیەك بخەینە سەر تەلاری هونەری وەرگێڕان و خزمەتێك بە وەرگێڕ و ئەم هونەرە بەسوودە بکەین.

## دەروازەی یەکەم

## جۆرەکانی وەرگێڕان

وەرگێڕان هونەرێکی زۆر دەوڵەمەندە، کە چەندین لق و پۆپی هەیە، لێرەدا تیشك دەخەینە سەر گرنگترین جۆرەکانی وەرگێڕان، لەگەڵ هێنانەوەی چەندین نموونەی کرداری تا خوێنەر بەرچاورۆشنی تەواوی بۆ دەستەبەر بێ لەسەر ئەمە، جۆرەکانیشی بریتین لە وەرگێڕانی زارەکی و وەرگێڕانی نووسینەکی.

**یەکەم: وەرگێڕانی زارەکی** (الترجمة الشفهية: Oral Translation):

ئەم جۆرە وەرگێڕانە یەکێکە لە جۆرە سەرەکییەکانی وەرگێڕان، کە ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە لە ئێستادا، لە کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆڕبەندە

جیهانیەکاندا بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان و چڕوپڕ سوودی لێوەردەگیرێ، لە زمانی عەرەبیدا پێی دەوترێت: (الترجمة الفورية أو الشفهية) و لە زمانی ئینگلیزیشدا پێی دەوترێت: (Oral Translation).

وەرگێڕانی زارەکی بریتییە لە: وەرگێڕانی وتەیەك لە زمانی لێوەرگێڕدراو (سەرچاوە) بۆ سەر زمانی بۆ وەرگێڕدراو (ئامانج)، بەشێوەیەك پەیامی قسەکەرەکە بۆ گوێگر بگوازێتەوە، بێ کەموکوری لە گەیاندنی مانا و مەبەستی وتەکەدا.

ئەم جۆرە وەرگێڕانە ئێستا زۆرتر پەرەیسەندووە، لەکاتی گواستنەوەی بەرنامە تەلەفزیۆنیە ڕاستەوخۆکاندا، یان لەکاتی دیداری نێوان سەرۆکی دەوڵەتان و دیداری بەرپرسانی باڵا، تەنانەت لەکاتی گەشتکردن بۆ وڵاتانی بیانی سوودی لێوەردەگیرێ لە ڕێگەی وەرگێڕی زارەکی کە ناسراوە بە (وەرگێڕی ڕێبەر)، چونکە دەبێتە چاوساغی گەشتیارەکە و ڕاستەوخۆ وەرگێڕانی بۆ دەکات لە پێناو کارئاسانیدا.

وەرگێڕانی زارەکی چەند جۆرێکی هەیە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

## ١- وەرگێڕانی هاودەم "هاوکات" (الترجمة المتزامنة):

لەم جۆرەی وەرگێڕانی زارەکییدا وەرگێڕ لە تێگەیشتن لە یەك یان چەند وشەی سەرەتای وتەی قسەکەردا، دەستدەکات بە وەرگێڕان و ساتێك دوای تەواوبوونی قسەکە ئەو بەشە کۆتایی پێدێنێ.

واتە وەرگێڕ چاوەڕوانی قسەکەر ناکات، بەڵکو لەگەڵ هەر وشە یاخود چەند وشەیەك کە قسەکەر دەیکات وەرگێڕ لە سەروبەندی ئەم قسانەدا دەستدەکات بە وەرگێڕانی وشەیی و گواستنەوەی بەشێك لە مانا و مەبەستی قسەکان بۆ گوێگر. من وتم بەشێك لە مانا و مەبەست، چونکە وەرگێڕ دەقەکەی پێشتر نەبینیوە و نەیخوێندۆتەوە تا بە ڕێك و پێکی و تەواوی ماناکە بگوازێتەوە بۆ بینەر و گوێگر.

## ٢- وەرگێڕانی دوابەدوایی (الترجمة التتبعية):

ئەم جۆرە لە وەرگێڕانی زارەکیدا، لەوەدا جیاوازە لەگەڵ جۆری پێشوودا، بەوەی وەرگێڕ پێ بە پێ لەگەڵ قسەکەر دەڕوا، چاوەڕێ دەکات تا وتەکەی بە تەواوی دەکات و دەوەستێت، ئینجا وەرگێڕ دەستدەکات بە وەرگێڕان.

لێرەدا چۆنیەتی قسەکردنی قسەکەر و ناوبڕی قسەکانی کاریگەریان لەسەر وەرگێڕانەکە دەبێ، واتە لەگەڵ هەر ناوبڕێکدا وەرگێڕ دەستدەکات بە وەرگێڕانی وتەکە و بەشی زۆری مانا و مەبەستەکە بۆ گوێگر و بینەر دەگوازێتەوە. ئەم جۆرەیان لە جۆری یەکەم باشترە، چونکە وەرگێڕانی وشە بە وشە نییە، بەڵکو وەرگێڕ زیاتر هەوڵ دەدات لە کۆی ڕستە و وتەکە تێبگات و وەریبگێڕێت، واتە پەیامی وتەکە لەم جۆرەی وەرگێڕاندا ڕوونتر دەگات لەوەی پێشتر.

ئێستا زیاتر ئەم جۆرە لە وەرگێڕانی زارەکی باوە لە کۆڕ و کۆبوونەوە فەرمی و نا فەرمی و وەرگێڕانە ڕاستەوخۆکاندا.

## ٣- وەرگێڕانی بینراو (الترجمة المنظورة):

ئەمە سێیەم جۆری وەرگێڕانی زارەکییە، وەرگێڕ هەڵدەستێت بە وەرگێڕانی زارەکی بۆ دەقێکی نووسراو " دەقەکە کۆن یان نوێ بێ"، و گواستنەوەی مانا و مەبەستی نووسینەکە بۆ گوێگر و بینەر.

ئەم جۆرەیان باشترین جۆری وەرگێڕانی زارەکییە، چونکە وەرگێڕ تەواوی دەقەکەی لەبەردەستە و دەزانێ مەبەست و مانای وشەکان چییە لە ناوکۆی دەقەکەدا، و دەشزانێ دەقەکە دەیەوێ چ پەیامێك بگەیێنێ بە گوێگر و بینەر. تەنانەت لەبەر ئەوەی ناوکۆ (سیاق)ـــی وشەکان دیارترە بۆ وەرگێڕ، ئەوا وەرگێڕ دەتوانێ تێروتەسەلتر مانا بە وشەکان ببەخشێ.

## دووەم: وەرگێڕانی نووسینەکی (الترجمة المكتوبة):

وەرگێڕانی نووسینەکی یەکێکە لە جۆرە هەرە بەناوبانگەکانی وەرگێڕان، لە کۆن و ئێستا ڕۆڵێکی مەزنی گێڕاوە لە گواستنەوەی زانیاری و زانست و مێژوو و کەلتور و تێگەیشتن و پێگەیشتنی گەلان لە نێوان یەکتردا، بەم هۆیەوە وەرگێڕانی نووسینەکی بە کارێکی ناوازە و داهێنەرانە دادەنرێ، ئەم جۆرە وەرگێڕانە وایکردووە نەوەی نوێی مرۆڤایەتی ئاشنایەتی هەر بمێنێ لەگەڵ شارستانیەت و شوێنەواری گەلانی پێشوو.

وەرگێڕانی نووسینەکی زۆر فراوان و فرە ڕەهەندە، کە سەختە بتوانرێ سنووردار بکرێ، چونکە وەرگێڕ هەیە پسپۆری وەرگرتووە لە بواری وەرگێڕانی ویژەیی (ئەدەبی)ـــدا، هەشیانە پسۆرە لە بواری هزر و فیکر، بەشێکی تر پسپۆرن لە بواری زانستیدا، بەم جۆرە دەبینین وەرگێڕانی نووسینەکی زۆر فراوان و فرە ڕەهەندە. تەنانەت گرنگترینیان وەرگێڕانی نووسینەکییە.

ئەم جۆرەی وەرگێڕان بایەخێکی زۆری پێدراوە لە هونەری وەرگێڕاندا، چەندین کتێب و نامیلکە و بەرهەم لەسەر هونەر و زانستی وەرگێڕان و بەتایبەت وەرگێڕانی نووسینەکی نووسراون، ئەمەش وایکردووە زۆربەی وەرگێڕەکان کار لەم بوارەی وەرگێڕاندا بکەن، چونکە زیاتر کارکراوە بۆ چارەسەری کێشە و ئاریشەکانی بەردەم ئەم جۆرەی وەرگێڕان، بەمەش دەبینین پێشڤەچوونێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە.

## دەروازەی دووەم

## شێوازەکانی وەرگێڕان

شێوازەکانی وەرگێڕان جیاوازی هەیە لەگەڵ جۆرەکانی وەرگێڕان، چونکە شێوازەکانی وەرگێڕان دەوەستێتە سەر ئەو شێواز و چەشنەی وەرگێڕ پەیڕەوی دەکات، لەکاتی وەرگێڕاندا و ئەو ڕێبازەی دەیگرێتەبەر لە گواستنەوەی مانا و مەبەستی دەق لە زمانی لێوەرگێڕاوەوە (سەرچاوە) بۆ زمانی بۆوەرگێڕدراو (ئامانج).

جا بەهۆی ئەوەی وەرگێڕان زیاد لەوەی زانست بێ هونەرە، بۆیە ڕەنگدانەوەی هونەری توانستی وەرگێڕە، بەم جۆرە وەرگێڕان چەندین شێواز و چەشنی هەیە، گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

## ١- وەرگێڕانی وشەیی "وشە بە وشە" (ترجمة الكلمة بالكلمة):

ئەم شێوازەی وەرگێڕان کۆنترین شێوازی وەرگێڕانە، چونکە پێش سەدەی بیستەم وەرگێڕان زیاتر وەرگێڕانێکی وشەیی بوو، بەڵام دواتر ڕەوتی وەرگێڕان ئاڕاستەی گرت بەرەو وەرگێڕانی ناوەڕۆکی دەق، بایەخ بە پەیامی دەق درا، نەوەك مانای تاك تاکی وشەکان.

ئەم شێوازەی وەرگێڕان بریتییە لە: **گواستنەوەی مانای وشە و دەستەواژە و ڕستەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، یان لە شێوەزارێکەوە بۆ شێوەزارێکی تر، یان لە زمانێکەوە بۆ هەمان زمان، کە تیایدا زیاتر ڕەچاوی مانای وشەکان و پێکهاتەی دەقی لێوەرگێڕدراو (سەرچاوە) دەکرێ.**

ئەم شێوازە شێوازێکی پەسەند نییە لە وەرگێڕاندا، پسپۆڕان و شارەزایانی هونەری وەرگێڕان ئامۆژگاری ئەوە دەکەن، کە وەرگێڕ خۆی دوور بگرێ لەم شێوازەی وەرگێڕان. هەروەك "نیدا" لەوبارەوە دەڵێت:

(لە وەرگێڕانی وشە بە وشەدا، وەرگێڕ ناتوانێت پارێزگاری لە گشت دەستەواژەکانی زمانی سەرچاوە بکات، چونکە دەبێتە هۆی دەقێکی نەناسراو لە زمانی ئامانجدا)[1].

وەرگێڕ لەم شێوازەی وەرگێڕاندا ناگەڕێتەوە بۆ کەلتوری زمان، و ناوکۆ و چوارچێوە (سیاق)ـــی ئەو دەقەی وشەکەی تێدا هاتووە، تا بزانێت و بۆی دەربکەوێت مانای وشەکان لە پاڵ یەکدا چییە، بەڵکو گەڕاوەتەوە بۆ تاك تاکی وشەکان بە مانا ڕەهاکانیان و پشت بە فەرهەنگ دەبەستێ، ئەمەش هۆکاری شێواندنی پەیامی دەقی لێوەرگێڕدراو (سەرچاوە)ـــیە، نەك هەر ماناکە ناگەیەنێ بەڵکو دەبێتە هۆی ئەوەی دەقە وەرگێڕدراوەکە بە شێواوی لەدایك ببێ.

ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکی ڕوونکەرەوەن:

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَآتُوا الْيَتَامَى أَمْوَالَهُمْ..﴾ سورەتی نیساء: ئایەتی ٢، ئەگەر وەرگێڕانی وشە بە وشەی بۆ بکەین، دەبێ بەم جۆرە وەریبگێڕین: (سامانی هەتیوان پێیان بدەنەوە)، بەڵام ئەمە چەندین پرسیار

[1] واتا و وەرگێڕان، لا ٨٨.

بەدوای خۆدا دەهێنێ کە تینوێتی خوێنەر ناشکێنێ. بەڵام کاتێك وەرگێڕ بەڕوون و ڕەوانی وەرگێڕانی بۆ دەکات ئەوا بەم جۆرە وەرگێڕان بۆ ئەم ئایەتە پیرۆزە دەکات: (کاتێك هەتیوان گەیشتنە تەمەنی پێگەیشتن، ئەوا سامانەکانیان بۆ بگێڕنەوە)، ئەم وەرگێڕانە لە تێگەیشتنێکی قوڵ بۆ مانا و مەبەستی ئایەتەکە و بۆنەی دابەزینی ئەم ئایەتەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە کاتێك منداڵ هەتیو دەکەوێ، ئەوا شەریعەتی پاك و پیرۆزی ئیسلام پێویستی کردووە کە یەکێکی دەستپاك هەڵبستێت بە سەرپەرشتی ماڵ و سامانی هەتیوەکان، بێ ئەوەی ستەمیان لێ بکرێ و کاتێك ئەم هەتیوانە گەیشتنە تەمەنی پێگەیشتن و توانای سەرپەرشتی کاروباری خۆیان هەبوو، ئەوا دەبێ سامانەکەیان ڕادەست بکرێتەوە، کە ناویشیان لێنراوە "هەتیو" ئەوا ناو لێنانە بە نازناوێکی پێشتر، چونکە کاتێك دەگەنە تەمەنی پێگەیشتن، ئەوا لە بازنەی هەتیوی دەچنە دەرەوە.

جاری وا هەیە ئەم شێوازەی وەرگێڕان، بەکەڵك دێت لەکاتی وەرگێڕانی دەستەواژە یان تاکە ڕستەیەکدا، بۆ نموونە:

- شخصيات لامعة = کەسایەتییەکانی درەوشاوە یان کەسایەتییە درەوشاوەکان.

- اللبرالية وموقف الإسلام منها = ليبڕالّييەت و هەڵوێستی ئیسلامی لەبارەیەوە.

بەڵام ئەم شێوازەی وەرگێڕان، توانای بەیەکەوە بەستنەوەی چەندین دەستەواژە و ڕستەی ناو یەك دەقی نییە، ئەمەش وا دەکات کە پەیام و مانای دەقی سەرچاوە بشێوێت و خوێنەر لەجیاتی ئاشنابوون بە مانای دەقەکە، ئەوا هەر لێی بێزار بێ، بۆیە دەبینین بەشێك لەو کتێبانەی وەرگێڕدراون پێشوازیەکی گەرمیان لێنەکراوە.

ئەم شێوازە لە وەرگێڕان، زیاتر لە دەقەکانی ئایین و لە نێویاندا ئاینی ئیسلامدا بەکارهێنراوە، کاتێك سەیری فەرمایشتەکانی پێغەمبەری نازدار (درود و سڵاوی خوای لێبێ) دەکەین ئەم شێوازە بە ڕوونی دەبینین، بۆ نموونە:

عەبدوڵای کوڕی مەسعود (خوا لێی ڕازیبێ) گێڕاویەتیەوە، کە پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فەرموویەتی: ((**سباب المسلم فسوق وقتاله كفر**))[1]، دەبینین زۆربەی ئەوانەی ئەم فەرموودەیەیان

---

[1] سەحیحی بوخاری: ٥/ ٢٢٤٦، ژمارە: ٥٦٩٦٥٤.

وەرگێڕاوە، ئەوا پەنایان بردۆتەبەر وەرگێڕانی وشەیی (وشە بە وشە)، ئەمەش چەندین جێکەوت و بەرئەنجامی خراپی لە تێگەیشتن بە دوای خۆیدا هێناوە. وەرگێڕانی وشەیی بۆ ئەم فەرموودەیە بەم جۆرەیە: (**جوێندان بە موسڵمان لاسارییە و شەڕ لەگەڵ کردنیشی کوفرە**). بەڵام ئەم وەرگێڕانە لەگەڵ ڕۆح و پەیامی ئیسلام و دەقەکانی تری شەریعەت تێکدەگیرێ، چونکە جوێندان و شەڕکردن لەگەڵ موسڵمان دوو تاوانی دزێون و سیفەتی کەسی بێ باوەڕن، بۆیە پێویستە لێکدانەوەی واتایی بۆ بکرێ کە بگونجێ لەگەڵ هێڵە گشتییەکانی شەریعەت و دەقەکانی دیکە کە لەم بارەوە هاتوون، چونکە دەکرێ موسڵمانان بەگژ یەکداچن و بەشەڕبێن، هەروەك خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِنْ بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ﴾ حوجورات: ٩. کەواتە بەگوێرەی ئەم ئایەتە پیرۆزە شەڕکردنی موسڵمانان لەگەڵ یەکتر تاوانێکی مەزنە نەوەك کوفرە، بەم هۆیە دەکرێ مانای ئەو فەرموودەیەی سەرەوە بەم جۆرەی خوارەوە وەربگێڕدرێت:

(**جوێندان بە موسڵمان گوناهێکی گەورەیە، شەڕکردن لەگەڵیشی سیفەتێکی بێ باوەڕ و کافرانە**).

کەواتە لەبارەی ئەم شێوازەی وەرگێڕانەوە دەگەین بەو دەرئەنجامانەی خوارەوە، کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

أ- ئەمە خراپترین شێوازی وەرگێڕانە، بەوەی وەرگێڕ ناتوانێ مانای دەقی سەرچاوە بپارێزێ و بیگەیەنێ بە خوێنەر.

ب- وەرگێڕ پشت دەبەستێت بە چاوکی وشەکان.

ت- وەرگێڕ هەوڵ دەدات لە زمانی بۆوەرگێڕدراو (مەبەست) وشەی بەرامبەر بە وشەی زمانی لێوەرگێڕدراو (سەرچاوە) دابنێ، ئەمەش ئەو مانایە دەگەیەنێ کە مامەڵە لەگەڵ وشە دەکات نەوەك دەق.

پ- هەر وشەیەك وەك قەواریەکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، ئەمەش وا دەکات دەقە وەرگێڕدراوەکە شەکەت و بێزارکەر بێ و مەبەستەکە بەدەستەوە نەدات.

ج- ناتوانێ سپاردە و ئەمانەتی دەقی سەرچاوە بپارێزێ، چونکە ناتوانێ پەیوەندی چڕوپڕی نێوان وشەکانی یەك دەقدا بپارێزێ.

ح- واتایەك شێواوی لە هۆشدا دروست دەبێ بەهۆی تێنەگەیشتن لە کۆی دەق.

خ- ناتوانێ سنووری پەیوەندی نێوان مانای وشەکانی یەك ڕستە و ڕستەکانی ناو دەق دیاری بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ناڕوونی لە مانا لە لای وەرگێڕ چ جای لەلای خوێنەر، چونکە زۆربەی هەرە زۆری وشەکان زیاد لە مانایەکیان هەیە.

## ٢- وەرگێڕانی واتایی (الترجمة المعنوية):

ئەمە شێوازێکی ترە لە شێوازەکانی وەرگێڕان، گرنگیەگی بێ ئەندازەی هەیە، ئەم شێوازە بە ئاڕاستە و ڕەوتی وەرگێڕانی سەرکەوتوو دادەنرێ، بەوەی توانیویەتی بیرۆکەی دەقی لێوەرگێڕاو (سەرچاوە) لە دەقی بۆوەرگێڕاو (ئامانج)ــدا بە ڕوون و ڕۆشن دابڕێژێ، بۆیە ئەم شێوازە لە وەرگێڕان بریتییە لەو قۆناغە پڕ بایەخەی هونەری وەرگێڕان کە هەموو وەرگێڕێك بۆ زیاتر خزمەتکردن بە خوێنەر و گوێگر و بینەر هەوڵ دەدات پێی بگات.

وەرگێڕانی واتایی بریتییە: **لەو شێوازەی وەرگێڕان کە ڕەچاوی وەرگێڕانی مانا و مەبەست و هزر و بیرۆکەی دەقی لێوەرگێڕدراو**

(سەرچاوە) دەکا، مامەڵە لەگەڵ مانای کۆی دەقەکە دەکات نەوەك وشە بە وشە.

کەواتە وەرگێڕانی واتایی هەوڵی گواستنەوەی مەبەستی دەق دەدات بۆ خوێنەر، گرنگی بەوە دەدات چۆن خوێنەر تێبگەیەنرێ لە مەبەستەکە، نەوەك چۆن دەقە وەرگێڕدراوەکە لەگەڵ زمانی دەقی سەرچاوە بگونجێنێ.

بۆ زیاتر بەرچاوڕۆشنی ئەوا چەند نموونەیەك لەم بارەوە دەخەینەڕوو، تا ئەم شێوازەی وەرگێڕان بە چەشنێکی بەرجەستە لە دەقدا بەدی بکات:

بۆ نموونە: چەند پارچەنووسینێك دەخەینەڕوو لەو کتێبەی بەندە وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی، لەوانە کتێبی: (ڕیالیزمی بونیادی)، لە نووسینی (جۆن میرشایمەر):

"يتفحص هذا الفصل مجموعة من النظريات الواقعية التي تحاجّ بأن الدول تعطي إهتماما كبيرا لتواز القوى والتنافس في ما بينها، إما للحصول على القوة حساب الآخرين، وإما في الأقل كي تحرص على ألا تفقد قوّتها. وتقوم الدول بهذا الشيء لأن بنية النظام الدولي لا تعطيها إلا خيارات قليلة إذا ما أراد البقاء. وهذه المنافسة على القوة تتسبب بوجود عالَم

خطر تقاتل فيه الدول بعضها البعض أحيانا. وعلى الرغم من ذلك، ثمة فوارق مهمة في ما بين الواقعيين البنيويين. فعلى وجه التحديد، يجال الواقعيون الدفاعيّون بأن العوامل البنيوية تحدد مقدار القوة التي يمكن الدول أن تحصل عليها، ما يعمل على تخفيف الأثر السيء للمنافسة الأمنية. أما واقعيون الهجوميون فيؤكدون أن بنية النظام تشجع الدول على زيادة حصتها من القوى العالمية إلى أقصى حدّ، لتشمل السعي إلى تحقيق الهيمنة، ما يميل إلى زيادة حدة المنافسة الأمنية. ويدور التحليل التالي حول أربعة أسئلة. لماذا تريد الدول القوة؟ ما هو مقدار القوة الذي تريده الدول؟ ما هي الأمور التي تسبب الحرب؟ هل تستطيع الصين أن تصعد بطريقة سلمية؟ (وهو موضوع دراسة الحالة)" واته:

"ئەم بەشە لە کۆمەڵە تیۆرێکی ڕیالیزم دەکۆڵێتەوە، کە پێی وایە دەوڵەتان بەشێوەیەکی بەرچاو بایەخ بە هاوسەنگی هێز ( Balance of Power)، و ململانێی نێوانیان دەدەن، ئینجا یان بۆ بەدەستهێنانی هێز لەسەر تێچوو (حیساب)ـــی ئەوانی تر، یاخود بەلایەنی کەمەوە تا دڵنیابن، لەوەی هێزەکەیان لەدەست نادەن. و دەوڵەتان بۆیە ئەم کارە دەکەن، چونکە بنیاد و پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی، تەنها چەند بژاردەیەکی

کەمیان پێدەدات، ئەگەر مانەوەیان بوێت. و ئەم ڕکابەرییە لەسەر هێز، دەبێتە هۆی بوونی جیهانێکی مەترسیدار، کە هەندێك جار دەوڵەتان جەنگ لەگەڵ یەکتر دەکەن. و سەرباری ئەمە، لێرەدا جیاوازی گرنگ هەن لە نێوان ڕیالیستە بونیادگەراکان. بەتایبەت ڕیالیستە بەرگریخوازەکان (Defensive Realists) بۆچوونیان وایە، کە هۆکارە بنیادیەکان ئەندازەی ئەو هێزە دیاری دەکات کە پێویستە دەوڵەتان بەدەستیبهێنن، ئەمەش کار دەکاتە سەر کەم کردنەوەی شوێنەواری نەرێنی ڕکابەرییە ئاسایشییەکان. هەرچەندە ڕیالیستە هێرشخوازەکان (Offensive Realists) جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە بوونیادی سیستەمی نێودەوڵەتی، هانی دەوڵەتان دەدات بۆ گەورەکردن و زیادکردنی بەشە هێزی خۆیان لە هێزی جیهانی تا ئەوپەڕی لوتکە، بە جۆرێك کە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی هەژموونداری لەخۆدەگرێ، ئەمەش بەلای توندبوونی زیاتری ڕکابەری ئاسایشیدا دەچێ. ئەم شیکردنەوەیەی دواتر لە دەوری چوار پرسیار دەخولێتەوە. بۆچی دەوڵەتان هێزیان دەوێ و بەدوای هێزەوەن؟ ڕادەی ئەو هێزە چەندە کە دەوڵەتان دەیانەوێ؟ هۆکارەکانی ڕوودانی جەنگ چین؟ ئایا چین دەتوانێ ئاشتیانە لە بەهێزبوونی خۆی بەردەوام بێ؟ (ئەمە نموونە تاوتوێکراوەکەمان دەبێ).

لە کتێبی (ئەو کەسایەتیانەی سەرنجیان ڕاکێشاوم: ٩٤) لە نووسینی (د. محەمەد سەعید ڕەمەزان بووتی)، بەندە وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی، نموونەیەك دەخەینەڕوو:

(("وأنا أعلم أني وإن رجعت إلى نشر العلم، فما رجعت!.. فإن الرجوع عود إلى ما كان. وكنت في ذلك الزمان أنشر العلم الذي به يكتسب الجاه، وأدعوا إليه بقولي وعملي، وكان ذلك قصدي ونيَّتي، أما الآن، فأدعوا إلى الذي به يترك الجاه، ويعرف به سقوط رتبة الجاه. هذه هي الآن نيَّتي وقصدي وأمنيتي. يعلم الله ذلك مني. وأنا أبغي أن أصلح نفسي وغيري، ولست أدري أأصل إلى مرادي أم أُخْتَرَمُ دون غرضي؟ ولكني أؤمن إيمان يقين ومشاهدة أنه لا حول ولا قوة إلا بالله العليّ العظيم، وأني لم أتحرِّك ولكنه حرَّكني، وأني لم أعمل لكنه استعملني. فأسأله أن يصلحني أولاً، ثم يصلح بي، ويهديني ثم يهدي بي، وأن يريني الحقَّ حقّاً ويرزقني إتّباعه، يريني الباطل باطلاً ويرزقني إجتنابه":

من دەزانم ئەگەر بشگەڕێمەوە بۆ بڵاوکردنەوەی زانست، ئەوا هەر نەگەڕاومەتەوە!.. چونکە خودی گەڕانەوە، گەڕانەوەیە بۆ سەر شتە کۆنەکان. منیش لەو سەردەمدا زانستم بڵاو دەکردەوە بۆ بەدەستهێنانی

پلەوپایە و ناوبانگ، بە گوفتار و کردار بانگەشەم بۆ دەکرد، نیاز و مەبەستیشم هەر وا بوو. بەڵام ئێستا بانگەواز دەکەم بۆ ئەو شتەی، کە مایەی وازهێنانە لە ناو و ناوبانگ، پلە و پایە بەهۆیەوە دەکەوێ. ئەمە ئێستا نیاز و مەبەست و ئومێدی منە. خوای گەورە دەزانێ ئەمە لە ناخمدایە. من دەمەوێ چاکسازی بۆ دەروونی خۆم و ئەوانی تر بکەم، جا نازانم بە ئومێدەکەم دەگەم یان بەر لە گەیشتن پێی تیادەچم؟ بەڵام بە دڵنیایەوە باوەڕم هەیە بەوەی من هیچ هێز و توانایەکم نییە تەنها بە خوای باڵادەست و مەزنەوە نەبێ، من نەجوڵاوم بەڵکو خوا منی جوڵاندووە، من کارم نەکردووە بەڵکو ئەو بەکاریهێناوم. بۆیە داوای لێدەکەم سەرەتا من چاك بکات، دواتر بەهۆی منەوە ئەوانی تر چاك بکات، ڕێنوێنی من بکات و پاشان بەهۆی منەوە ڕێنوێنی ئەوانی تر بکات، حەق و ڕاستیم بە ڕاستی پیشان بدات و شوێنکەوتنیشی بکاتە بەشم، ناحەق و پوچەڵیشم بە پوچەڵ پیشان بدات و خۆدوورگرتن لێی بکاتە بەشم)).

لە کتێبی (بزوتنەوەی شێخ عوبەیدوڵای نەهری لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا: ١٤)، بەندە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، نموونەیەك دەهێنمەوە:

(("هذه الوثائق البريطانية التي تتحدث عن حركة الشيخ عبيد الله عام ١٨٨٠، تكشف جوانب من هذه الحركة ومسيرتها وشخصية قائدها وتسلط الضوء على اهدافها، كما تبين وجهة نظر بريطانيا حولها، ومحاولات الحكومة البريطانية حينها لإنهاء هذه الحركة بأسرع ما يمكن نظرا لأنها كانت تخشى التقارب الروسي والايراني مما يزيد من نفوذ روسيا في المنطقة. كما توضح هذه الوثائق موقف الدول الأخرى من هذه الحركة":

ئەمانە ئەو بەڵگەنامە بەریتانیانەن، کە لەبارەی بزوتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە ساڵی ١٨٨٠ دەدوێن، چەندین لایەن و ڕەهەند و ڕێڕەوی ئەم بزوتنەوەیە و کەسایەتی سەرکردەکەی دەردەخات، ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئامانجەکانی، هەروەك دیدی بەریتانیا لەبارەیەوە ڕوون دەکاتەوە، ئاماژە بە هەوڵەکانی حکومەتی ئەو کاتی بەریتانیا دەکات، بۆ کۆتایی هێنان بەو بزوتنەوەیە بە زووترین کات، چونکە ترسی هەبوو لە یەکتر نزیکبوونەوەی ڕوسیا و ئێران، ئەمەش وای دەکرد دەسەڵاتی ڕوسیا لە ناوچەکە زیاتر بێت. ئەم بەڵگەنامانە هەڵوێستی وڵاتانی دیکەش لەبارەی ئەم بزوتنەوەیە ڕوون دەکاتەوە)).

یەکێك لە مامۆستا بەڕێزەکان، کە مامۆستای زانکۆ بوو، پێشنیازی بۆ بەندە کرد تا چەند پەڕێکی بۆ وەربگێڕم، لە ئەنجامدا سوپاس بۆ پەروەردگاری بەخشندە، وەرگێڕانەکەی زۆر بەدڵ بوو، دواتر وتی: من کێشەم لە گەیاندنە بە زمانی کوردی، جا ئەوەی مەبەستمە لێرەدا ئەوەیە، ڕستەیەك لە نێو ئەم چەند پەڕەی ئەو دابوو کە من بەشێوەیەکی واتایی وەرمگێڕا، سوپاس بۆ خوای گەورە ماناکەی تەواو بەخشی، کە ئەگەر پەنام بۆ هەر شێوە وەرگێڕانێکی تر بردبووبا، ئەوا پەیامی ڕستەکە بە کەموکورتی دەردەکەوت، ئەویش ئەم ڕستەیەی خوارەوە بوو:

"الأشراط المستقبلية لقيام الساعة"، ئەگەر بە شێوەی پیتاوپیتی وەرگێڕانی بۆ بکەین، ئەوا بەم شێوەیە دەبێ: **"نیشانە ئاییندەییەکانی بەرپابوونی دوارۆژ"**، بەڵام لە دەرئەنجامی وەرگێڕانی واتایی بە لوتفی خوای گەورە بەم شێوە ڕوون و ڕەوانە ماناکەی بەدەستەوەدا: **"نیشانە پێشهاتووەکانی بەرپابوونی دوارۆژ"**، بۆچی وتومە پێشهاتوو، لەبەر ئەوەی هەر کەسێك موسڵمانێکی باوەڕدار بێ، باوەڕی تەواوی بەوە هەیە ئەم نیشانانە هەر ڕوودەدەن، بۆیە وتومە نیشانە پێشهاتووەکان، نەوەك ئایندەییەکان، چونکە ئایندەیی دەکرێ ڕووبدەن یان ڕوونەدەن.

بەم پێیە بۆ ناسینەوەی شێوازی وەرگێڕانی واتایی، دەبێ ڕەچاوی چەند تایبەتمەندییەك بکرێ، بە بۆچوونی ئێمە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوازەی وەرگێڕان، بریتین لەمانەی خوارەوە:

أ- ئەمە باشترین شێوازی وەرگێڕانە، بەوەی وەرگێڕ مانای دەقی زمانی سەرچاوە دەپارێزێ.

ب- وەرگێڕ هەوڵ دەدات ڕستە بە ڕستە لە زمانی سەرچاوە بۆ زمانی ئامانج وەربگێڕێت، بە جۆرێك کە ڕستەکان کۆی مانای دەقەکە بە ڕێکوپێکی بگەیەنن.

ت- دەستەواژە و ڕستە و پارچەنووسین دەبن بە بناغەی وەرگێڕان.

پ- وەرگێڕ لەم شێوازەی وەرگێڕاندا زیاتر بایەخ بە کۆی دەستەواژە و ڕستە و دەق دەدات.

ج- هەوڵ دەدرێت مانای دەقی سەرچاوە بۆ زمانی ئامانج بگوازرێتەوە.

ح- وەرگێڕ مامەڵە لەگەڵ ئەو مانایە دەکات کە لە ئەنجامی پەیوەندی وشەکانی نێو یەك ڕستە یان دەق دروستبووە نەوەك لەگەڵ مانای هەر وشەیەك بە تەنها.

خ- وەرگێڕ خۆی بەدوور دەگرێ لە پابەندبوون بە پێکهاتەی ڕێزمانی زمانی سەرچاوە.

د- وەرگێڕ ڕەچاوی زمانی ئامانج دەکات، بۆ ئەوەی بەرەوانتر مانا و مەبەستەکە بگەیەنێ.

ژ- بیرۆکەی سەرەکی دەقەکە لە زمانی ئامانجدا دەخرێتەڕوو.

## ٣- وەرگێڕان بە دەستکاریەوە (الترجمة بالتصریف):

ئەمە یەکێکە لە شێوازەکانی وەرگێڕان، بەوەی وەرگێڕ هەڵدەستێت بە وەرگێڕانی مانای ڕستەی دەق، بە ڕەچاوکردنی بنەماکانی زمان بۆوەرگێڕدراو (زمانی ئامانج)، واتە لە ڕووی پاش و پێشخستنەوە ڕەچاوی ئەو زمانە دەکات کە بۆی وەردەگێڕێت، سەبارەت بەو زمانەی کە دەقەکەی پێ نووسراوە، ئەوە تەنها ڕەچاوی ماناکەی دەکات، نەوەك بنەماکانی زمانەکە. بەمەش وەرگێڕ گرنگی بەوە نادات کە ڕستەیەك ئەگەر دە وشە بوو ئەوا ئەویش بە دە وشە گوزارشت لە ماناکەی بکات، بەڵکو دەکرێ بە چەند ڕستەیەك گوزارشت لە مانای ئەو دە وشەیە بکات.

ئەم شێوازە وەرگێڕانە زۆر جار لە قوتابیانی ئاستی ئامادەیی و کۆلیژەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان داوا دەکری، کە پێی دەوترێت (paraphrase) واتە دووبارە داڕشتنەوەی دەق بە مەرجێك مانا و مەبەستی دەقەکە پارێزراو بێ.

بەم جۆرە بۆ ناسینەوەی شێوازی وەرگێڕانی بەدەستکاریەوە، دەبێ ڕەچاوی چەند تایبەتمەندییەك بکرێ، بە بۆچوونی ئێمە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوازەی وەرگێڕان، بریتین لەمانەی خوارەوە:

أ- ئەمە یەکێکە لە شێوازە باشەکانی وەرگێڕان، بە هەر شێوازێك بێ وەرگێڕ مانای دەقەکە دەگەیەنێ.

ب- وەرگێڕ پابەندی ڕێکخستنی دەقە ڕەسەنەکە نابێ لەکاتی وەرگێڕاندا. بەڵکو بەپێی گونجان لە ڕێزمانی بۆوەرگێڕدراو مانای دەقەکە دادەڕێژێ.

ت- مانا و مەبەست دەبنە بنەما لای وەرگێڕ.

پ- وەرگێڕ لەم شێوازەی وەرگێڕاندا زیاتر بایەخ بە مانا و مەبەست دەدات.

## ٤- وەرگێڕانی ڕاڤەیی (الترجمة التفسيرية):

ئەمەش شێوازێکی دیار و بەرچاوە لە شێوازەکانی وەرگێڕان، کە تیایدا وەرگێڕ ئەو لایەنە و وشە ناڕوونانەی کە هەن لە دەقە ڕەسەنەکەدا لێکدانەوە و ڕاڤەیان بۆ دەکات. لەوانەیە ئەم زیادکردنە لە نێو ئەو دەقەدا زیاد بکات کە وەریگێڕاوە، یان لەوانەیە وەرگێڕ وای پێباشتربێ ئەو ڕوونکردنەوەیەی دەیکات لە پەراوێزدا دایبنێت.

ئەم شێوازە وەرگێڕانەمان پێویستە، لەکاتی وەرگێڕانی دەقە زانستییەکان، چونکە مانای هەندێك لە چەمکەکان ناڕوونن، تەنانەت لە وەرگێڕانی هەندێك لە بابەتە ئەدەبی و ئاینیەکانیش پێویستمان بەو جۆرە وەرگێڕانە هەیە. بەتایبەتە دەقەکانی شەریعەتی ئیسلام.

ئەگەر سەیری قورئانی پیرۆزدا دەبینین، نموونەی زۆر هەن، لەوانە:

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَى عُنُقِكَ وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ الْبَسْطِ..﴾ ئیسرا: ٢٩. هەمیشە نەریت وایە دەست بەکاردەهێنرێ بۆ کاری بەخشین و گرتنەوە (نەبەخشین)، جا کە فەرموویەتی: (مَغْلُولَةً إِلَى عُنُقِكَ: دەستەکانت بە ملت مەبەستەوە)،

هەر کاتێك دەست بەسترانەوە ناتوانێ ببەخشێ، بۆیە ئەمە ئاماژەیە بۆ چرنووکی و ڕەزیلی. (وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ الْبَسْطِ: دەستەکانت بە تەواوی واڵا مەکە)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ دەستکرانەوە و دەستبڵاوی. لێرەدا ڕێگرییەکە لەلای خوای مەزنەوە بۆ (كُلَّ الْبَسْطِ: دەست واڵاکردنی تەواوە). کەواتە مەبەستی ئایەتەکە بەم جۆرە گوزارشتی لێدەکرێ: نەکەی ڕەزیلی بنوێنی تا ئاستی ئەوەی کەمترین شت نەبەخشی، ئەوەندەش دەستکراوە مەبە بگاتە ئاستی دەستبڵاوی.

ئینجا بۆ ناسینەوەی شێوازی وەرگێڕانی ڕاڤەیی، دەبێ ڕەچاوی چەند تایبەتمەندییەك بکرێ، بە بۆچوونی ئێمە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوازەی وەرگێڕان، بریتین لەمانەی خوارەوە:

- أ- ئەمە یەکێکە لە شێوازە باشەکانی وەرگێڕان، بە شێوازی ڕاڤەیی وەرگێڕ لە قالبی ڕاڤەکار (موفەسیر)دا مانای دەقەکە دەخاتەڕوو.
- ب- وەرگێڕ پابەندی ڕێکخستنی دەقە ڕەسەنەکە نابێ لەکاتی وەرگێڕاندا. بەڵکو لەو زمانەی دەقەکەی بۆ وەردەگێڕێ وەرگێڕانێکی ڕاڤەیی بۆ دەکات واتە درێژدادڕی دەداتە دەقەکە بۆ ڕوونکردنەوەی ماناکە.

تـB وشە و مانا و مەبەست لای وەرگێڕ جێی بایەخن لە وەرگێڕاندا.

پـB وەرگێڕ لەم شێوازەی وەرگێڕاندا زیاتر بەیەکەوە بایەخ بە وشە و ڕستە و مانا و مەبەست دەدات، بەتایبەت لە دەقە ئاینیەکان، لە نێوياندا دەقەکانی شەریعەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، بۆ نموونە قورئانی پیرۆز هەم وشە و ڕستەکانی پیرۆزن و هەم ماناکانی، بۆیە وەرگێڕ پێویستە ڕەچاوی وشە و ڕستە و ماناکانیان بکات بەیەکەوە.

## ٥- وەرگێڕانی داهێنانکاری یان وەرگێڕانی سەربەست (الترجمة الإبداعية أو الترجمة الحرة):

ئەمەش شێوازێکی تری وەرگێڕانە، کە تیایدا دەستکاری کردنی دەق بێ سنوورە، بەو مانایە وەرگێڕ تەنها پابەند دەبێ بە بابەت و بیرۆکەی سەرەکی وەرگێڕ، جگە لەمە وەرگێڕ سەربەستە لە شێوازی نووسین و ئەو چەمك و زاراوانەی بەکاریان دەهێنێ، ئازادە لەو وێنە و نموونانەی بەمەبەستی ڕوونکردنەوە یان سەرنجڕاکێشی دەقەکە دەخاتەڕوو، لەوانەیە هەندێك زانیاری ورد و لاوەکی و ناپێویست زیاد بکات، یاخود لایان بدات لە دەقەکەدا.

ئەم جۆرەیان زیاتر لە وەرگێڕانی دەقە شیعرییەکاندا بەرجەستە دەبێ، کاتێك یەکێك هەڵدەستێت بە وەرگێڕانی شیعرێك بۆ زمانی دیکە بە کێش و سەروای جیاواز.

ئەوەتا دەبینین مامۆستا هەژاری موکریانی چوارینەکانی خەیامی وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی، بەشێوەیەك کە تیایدا ڕەچاوی کێش و سەروای جیاوازی کردووە و وەرگێڕانێکی زۆر بەهێزیشی بۆ دەقەکان کردووە، بەبێ گوێدانە ئەو کێش و سەروایەی کە دەقە شیعرییەکە پێی نووسراوە.

ئینجا بۆ ناسینەوەی شێوازی وەرگێڕانی سەربەست، دەبێ ڕەچاوی چەند تایبەتمەندییەك بکرێ، بە بۆچوونی ئێمە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوازەی وەرگێڕان، بریتین لەمانەی خوارەوە:

أB ئەمە یەکێکە لە شێوازە خراپەکانی وەرگێڕان، بە سەربەستانە وەرگێڕ گوزارشت لە مانای دەقەکە دەکات.

بـB وەرگێڕ پابەندی ڕێکخستنی دەقە ڕەسەنەکە نابێ لەکاتی وەرگێڕاندا، تەنانەت ماف و دەسەڵاتی دەستکاری کردنی بەشێك لە زانیارییەکانیش بەخۆی دەدات، کە پێی وایە زیادن، یان بە حەزی خۆی هەندێك زانیاری بۆ زیاد دەکات.

ـتB بیرۆکەی دەقەکە لای وەرگێڕ گرنگە، پێی وایە خۆی دەتوانێ چاکتر لە نووسەری دەقەکە گوزارشت لە مانا و بیرۆکەی دەقەکە بکات.

## ٦- وەرگێڕانی کورتکراوە (الترجمة بالإختصار):

لەم شێوازەی وەرگێڕاندا، وەرگێڕ بیرۆکەیەکی گشتگیر و کورت و پوخت لەبارەی ئەو بابەتەوە دەدات کە وەریدەگێڕێت. لەم جۆرە وەرگێڕانەدا وەرگێڕ پشت بە داڕشتنی خۆی دەبەستێت بێ گوێدانە بنەماکانی ڕێزمانی دەقی ڕەسەن، بەڵکو تەنها ڕەچاوی ڕێزمانی ئەو زمانە دەکات، کە بیرۆکەی کتێب یان وتار یاخود دەقەکەی بۆ وەرگێڕێت، بەبێ گوێدانە چوارچێوەی دەقی بەرامبەر، بەڵکو دەقە وەرگێڕدراوەکە بەو شێوەیە دادەڕێژێت کە گشتگیر و پوخت بێ و ئاماژە بکات بۆ بیرۆکەی دەقی ڕەسەن.

ئەمانەی سەرەوە گرنگترین شێوازەکانی وەرگێڕان بوون، کە بەپێی توانا هەوڵمداوە تیشکیان بخەمەسەر، شێوازی دیکەش هەن، بەڵام لەبەر کەمی ماوەی ناتوانین باسیان بکەین.

# بەشی چوارەم

# وەرگێڕ کێیە؟ و مەرجەکانی چین؟

دەروازەی یەکەم: وەرگێڕ کێیە؟

دەروازەی دووەم: ئەو تایبەتمەندییانە چین کە پێویستە لە وەرگێڕدا هەبن؟

## دەروازەی یەکەم:

## وەرگێڕ کێیە؟

وەرگێڕ چەقی کرداری وەرگێڕانە، چونکە هونەر و لێزانیەکەی دەبێتە قالبی دارشتنی پەیام و گواستنەوەی بۆ خوێنەر و بیسەر و بینەر. لەبەر ئەمە پێویستە بایەخ بەوە بدەین کە ئایا وەرگێڕ کێیە؟ و تایبەتمەندی و مەرجەکانی وەرگێڕ چین؟

دکتۆر موەفق عەنانی لەبارەی وەرگێڕەوە وتویەتی:

(وەرگێڕ، بریتییە لەو نووسەرەی کاری بە دارشتنەوەی بیرۆکەکانە لە کۆمەڵە وشەیەکدا، کە ئاراستەی خوێنەر کراوە. جیاوازی نێوان وەرگێڕ و نووسەری ڕەسەن ئەوەیە، کە وەرگێڕ ئەو بیرۆکانەی دایدەڕێژێت بیرۆکەی خۆی نین، بەڵکو بیرۆکەی نووسەرە ڕەسەنەکەن)[1].

[1] فن الترجمة: ١٥.

هەروەها پێناسەی وەرگێڕ کراوە بەوەی بریتییە لەو: (نووسەرەی کە کاری بریتییە لە داڕشتنەوەی بیرۆکەکان لە وشەگەلێکدا کە ئاڕاستەی خوێنەر کراوە)[1].

بەڵام ئەم پێناسەیە کەموکورتی ئەوەی تێدایە، کە ئاماژەی بەوە نەکردووە کە پێویستە پابەندی مانا و مەبەست و بیرۆکەی دەقە ڕەسەنەکە بێ، و بیگوازێتەوە بۆ خوێنەر.

ئەگەر سەیری پێناسەی د. عیزەدین محەمەد نەجیب بکەین بۆ وەرگێڕ، ئەوە دەبینین پێناسەیەکی جیاوازی کردووە:

(وەرگێڕ: ئەو کەسەیە کە بەکاری وەرگێڕان هەڵدەستێت، کۆیەکەی بریتییە لە "وەرگێڕەکان"، نەریت وایە چەمکی وەرگێڕ (Translator) بۆ ئەو کەسە بەکاردێت کە کاری وەرگێڕانی نووسینەکی دەکات لە دەقێکی نووسراو بە زمانێك بۆ زمانیکی تر، وەرگێڕی زارەکیش بە زمانی ئینگلیزی

---

(1) مبادء الترجمة وأساسياتها، د. إيناس أبو يوسف، د. هبة مسعد، مركز مداخلات التكنلوجيا التعليم، القاهرة، ٢٠٠٥، لا ١٢.

پێی دەوترێت "Interpreter"، کە بەوانە دەوترێت وەرگێڕانی زارەکی ڕاستەوخۆ دەکەن[١].

کەواتە بەکورتی و پوختی (وەرگێڕ) ئەو کەسەیە کە هەڵدەستێت بە گواستنەوەی بیرۆکە و مانا و مەبەستی دەق لە زمانێکەوە بۆ هەمان زمان، یان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکەوە، ڕەچاوی گواستنەوە و پەیامی و ڕۆحی دەقەکە دەکات کە بیگەیەنێ بە خوێنەر نەوەك قالب و توێکڵی وشەکان.

(١) أسس الترجمة، د. عزالدين محمد نجيب، مكتبة ابن سينا، القاهرة، ط ٥، ٢٠٠٥، لا ١٥.

## دەروازەی دووەم:

### ئەو تایبەتمەندییانە چین کە پێویستە لە وەرگێڕدا هەبن؟

کۆمەڵێك تایبەتمەندی و مەرج هەن کە پێویستە لە وەرگێڕدا هەبن، لێرەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی و پوختی گرنگترین ئەو تایبەتمەندییان بخەینەڕوو، کە پێویستە وەرگێڕێکی سەرکەوتوو لەخۆیدا بەرجەستەیان بکات:

**یەکەم**: شارەزاییەکی چاك لە چەمك و زاراوەکانی ئەو بوارەی وەرگێڕانی تێدا دەکات، چ لەو زمانەی دەقەکەی لێیەوە وەردەگێڕێت یان ئەو زمانەی دەقەکەی بۆ وەردەگێڕێت. بۆ نموونە ئێمە بۆ هەر بوارێك چەند زاراوەیەکی تایبەتمان هەن بەو بوارە.

ئەگەر سەیری وشەی (حاکم) بکەین لەو ڕووانگەیەی کە کەسی یەکەمی دەسەڵاتە، ئەوا زۆرێك وا بە (فەرمانڕەوا) وەریدەگێڕن، لەکاتێکدا ئەمە لە چەندین ڕووانگەوە هەڵەیە. ئەگەر لە دیدگای پەیامی ئیسلامەوە

وەربگرین ئەوە تەنها خوای گەورە فەرمانڕەوایە. ئەگەر لە تیڕوانینی ئەوەش وەربگرین کە سەرۆك وەك مرۆڤ دەکرێ فەرمانی ناڕەواش بکات نەك تەنها فەرمانی ڕەوا، ئەوە بەهەمان شێوە هەڵەیە. ڕاستەکەی ئەوەیە بە (حوکمڕان یان بە دەسەڵاتدار) لێك بدرێتەوە.

ئەگەر بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان وەربگرین، بەهەمان شێوە دەبینین چەندین چەمك و زاراوەی تایبەت بەو بوارەی هەیە، کە پێویستە وەرگێڕ ڕەچاویان بکات، بۆ نموونە:

(الفوضی: Anarchy) واتە پشێوی، بەڵام پێشوی لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا. (توازن القوی: Balance of power) هاوسەنگی هێز.

**دووەم**: شارەزاییەکی باش لە ڕێزمانی هەر دوو زمانەکە، ئەم شارەزاییە پێویستە چونکە یارمەتی وەرگێڕ دەدات لە تێگەیشتن لە ئامانج و مەبەستی دەق. دواتر بەشێوەیەکی ڕێك و پێك دەتوانێ دایبڕێژێ. بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا شارەزایی هەبێ لە زانستەکانی ڕستەسازی (النحو) و وشەسازی (الصرف) و ڕەوانبێژی (البلاغة). بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە وریابین مەرج نییە ئەوەی ڕێزمان بزانێ بتوانێ کاری وەرگێڕان بکات، چونکە هەیە

به چاکی دوو زمان دەزانێ تەنها لە ڕێگەی پیادەکردن (مومارەسەوە) و دەشتوانێ وەرگێڕان بکات زۆر بەباشی.

**سێیەم**: ڕۆشنبیریەکی چاك و فراوان، بەو مانایەی دانەبڕابێ لە بوارەکانی زانست و داهێنان، بەلایەنی کەم زانیاری هەبێ لەسەر بوارەکانی زانست و کەلتور و فەرهەنگی گەلان، بەتایبەت شارەزابوون لەو بوارەی وەرگێڕانی تێدا دەکات، دەبێ زۆر بە چاکی تێیدا پێگەیشتبێ، بۆ نموونە: زانستەکانی مێژوو، جوگرافیا، پزیشکی و ئەندازیاری...هتد، هەر یەکەیان بوارێکی زۆر دەوڵەمەندن.

**چوارەم**: دەستپاکی لە گواستنەوەی بیرۆکەکان، پێویستە وەرگێڕ دەستپاك بێ لە گواستنەوەی ئەو بیرۆکانەی کە لە دەقە ڕەسەنەکەدا هاتوون، بە زمانێکی ڕوون و ڕەوان بە خوێنەر بگەیەنێ، بەبێ کورت کردنەوە یان تەرککردنی.

جێگای خۆیەتی باسی جیاوازی بکەین لە نێوان دەستپاکی لە وەرگێڕاندا لەگەڵ وەرگێڕانی وشەیی، دەسپاکی وا لە وەرگێڕ دەخوازێ کە ڕەچاوی پەیام و مەبەست و واتای دەقە ڕەسەنەکە بکات، بەبێ کرچ و کاڵی

بیگوازێتەوە بۆ خوێنەر، نەوەك وەرگێڕانی وشەیی (وشە بە وشە) بۆ دەقەكە بكرێ و بەمەش ماناكەی نارێك بگات.

**پێنجەم**: ئارامگرتن، لەبەرئەوەی كاری وەرگێڕان، پێویستی بە پیادەكردن و مەشق و ڕاهێنان هەیە، تەنانەت پێویستی بە بەدواداچوون و گەڕان هەیە بە نێو فەرهەنگ و سەرچاوە و ژێدەرەكان. لەبەر ئەوە بۆ گەیشتن بە لوتكەی هونەری وەرگێڕان پێویستە وەرگێڕ ئارامگر بێ و پەلە پەل نەكات.

ئەمانە پێنج لە گرنگترین تایبەتمەندییەكانی وەرگێڕن، دەكرێ تایبەتمەندی دیكەشی بخەینەسەر، بەڵام ئەمانە وەك بناغەی گشتی تایبەتمەندی و خەسڵەتەكانی وەرگێڕی سەركەوتوون.

# کۆتایی

لەم کتێبەدا تاوتوێی هونەری وەرگێڕانمان کرد، لە کۆتاییدا گەیشتینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

وەرگێڕان مێژوویەکی کۆنی هەیە، سەختە بتوانرێ سەرەتایەك بۆ سەرهەڵدانی ئەم هونەر و زانستە دیاری بکرێ. وەگێڕان بریتییە لە گواستنەوەی مانا و مەبەستی دەق لە زمانێکەوە بۆ هەمان زمان یان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، بە ڕەچاوکردنی پاراستنی ڕۆح و ناوەڕۆکی دەق.

وەرگێڕان چەند جۆرێکی هەیە، چەندین شێوازی وەرگێڕانیش هەیە. وەرگێڕان چەندە زانست بێ، ئەوا ئەوەندە و زیاتریش هونەرە، بۆیە پێویستە وەرگێڕ ئەوپەڕی توانای خۆی بەگەڕ بخات، لە پێناو مەشق و ڕاهێنان و قووڵبوونەوە لە کاری خۆیدا، تا لە پاڵ ئەو زانستەی هەیەتی لە بواری

وەرگێڕاندا، ئەوا بتوانێ ببێتە خاوەن بەهرە و هونەرمەندێکی بواری وەرگێڕان، لە پێناو گواستنەوەی مەبەست دەق بۆ خوێنەر.

چەندین کۆسپ و لەمپەر هەن کە لەکاتی وەرگێڕاندا دێنە بەردەم وەرگێڕ، پێویستە هەوڵبدات بەسەر ئەم کۆسپانەدا زاڵ ببێت، بۆ ئەوەی بتوانێ وەرگێڕانێکی دروست و ڕەوان بکات بۆ دەق.

زمانی کوردی بەکەمتر سەیر نەکرێ لە ئاست زمانەکانی دیکە، چونکە هێز و هەژموون وایکردووە، کە زمانەکانی دیکە بەهێزتر دەربکەون، ئەگەرنا شارەزایانمان دەتوانن چەمك و وشەی گونجاو دابتاشن بۆ گوزارشت کردن لە مانا و مەبەستی وشە و چەمکە بیانیەکان.

ئەو کەسەی کاری وەرگێڕان دەکات، دەبێ ڕەچاوی ئەو تایبەتمەندیانە بکات، کە وەك پێش مەرج پێویستە لە خۆیاندا بەرجەستەیان بکات لە پێناو بوون بە وەرگێڕێکی شایستە، لە ڕێگەی وەرگێڕانەکەیەوە خزمەتێك پێشکەش بە خوێنەر و کۆمەڵگا بکات.

# سەرچاوەکان

* قورئانی پیرۆز.

١- أسس الترجمة، د. عزالدين محمد نجيب، مكتبة ابن سينا، القاهرة، الطبعة الخامسة، ٢٠٠٥.

٢-المستدرك على الصحيحين، محمد بن عبدالله أبو عبدالله الحاكم النيسابوري، دار الكتب العلمية - بيروت، الطبعة الأولى، ١٤١١ - ١٩٩٠، التحقيق: مصطفى عبد القادر عطا.

٣- الترجمة وعملياتها النظرية والتطبيق، د. روجرت ت. بيل، مكتبة العبيكان، ٢٠٠١م، الرياض.

٤-الحيوان، بالجاحظ، دار الكتب العلمية، بيروت، ط٢، ١٤٢٤ هـ.

٥-سبيلك إلى فن الترجمة، عبدالكريم الجبوري، دار و مكتبة الهلال، بيروت، ٢٠٠٥.

٦- الصحاح تاج اللغة وصحاح العربية، أبو نصر إسماعيل بن حماد الجوهري الفارابي، تحقيق: أحمد عبد الغفور عطار،دار العلم للملايين، بيروت - لبنان، ط٤، ١٩٨٧م.

٧- صحيح مسلم: أبو الحسين مسلم بن الحجاج القشيري النيسابوري، تحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي، دار إحياء التراث العربي، بيروت.

٨- العمدة في محاسن الشعر وآدابه، المؤلف: ابن رشيق القيرواني.

٩-فن الترجمة بين العربية والإنجليزية، عبدالمحسن اسماعيل رمضان، مكتبة جزيرة الورد، قاهرة.

١٠- فن الترجمة في ضوء الدراسات المقارنة، صفاء خلوصي، دار رشيد ١٩٨٢.

١١- فن الترجمة، الدكتور محمد عناني، ط ٥، دار نوبار، القاهرة.

١٢- لسان العرب، ابن منظور، دار صادر، بيروت، ط٣، ١٤١٤ هـ.

١٣- مبادء الترجمة وأساسياها، د. إيناس أبو يوسف، د. هبة مسعد، مركز مداخلات التكنلوجيا التعليم، القاهرة، ٢٠٠٥.

١٤- مەولەوی: ژیان و بەرهەمی، محەمەدی مەلاکەریم، دەزگای ئاراس، ٢٠٠١، هەولێر.

١٥- المصباح المنير في غريب الشرح الكبير، أحمد بن محمد بن علي الفيومي ثم الحموي، المكتبة العلمية، ب.ت، بيروت.

١٦- المعجم الوسيط، إبراهيم مصطفى ــ أحمد الزيات ــ حامد عبد القادر ــ محمد النجار، ب.ت، دار الدعوة.

١٧- موسوعة الترجمة، جوئيل رضوان، محمد يحياتن، جامعة مولود معمري، تيزي وزو، ٢٠١٠.

١٨- واتا و وەرگێڕان، لێکۆڵینەوەیەکی واتاسازییە، پەروین عوسمان موستەفا عەللاف، ٢٠٠٩، چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر.

١٩- Oxford Advanced Learners Dictionary, 8th Edition, Oxford University press.

٢٠- Cambridge Dictionary, 3th Edition, Cambridge University press

# ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ١١ |
| بەشی یەکەم: مانای چەمك و مێژووی وەرگێڕان | ١٥ |
| دەروازەی یەکەم: مانای چەمکی وەرگێڕان | ١٦ |
| دەروازەی دووەم: مێژووی وەرگێڕان | ٢٧ |
| بەشی دووەم: گرنگترین کۆسپەکانی بەردەم وەرگێڕان | ٤٦ |
| بەشی سێیەم: جۆر و شێوازەکانی وەرگێڕان | ٨٣ |
| دەروازەی یەکەم: جۆرەکانی وەرگێڕان | ٨٧ |
| دەروازەی دووەم: شێوازەکانی وەرگێڕان | ٩٤ |
| بەشی چوارەم: وەرگێڕ کێیە؟ و مەرجانەکانی چین؟ | ١١٧ |
| دەروازەی یەکەم: وەرگێڕ کێیە؟ | ١١٩ |

دەروازەی دووەم: ئەو تایبەتمەندییانە چین
کە پێویستە لە وەرگێڕدا هەبن؟ ١٢٢
کۆتایی ١٢٦
سەرچاوەکان ١٢٨
ناوەڕۆك ١٣١

چاپخانەی شوان
0750 792 0775